گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: 10.26750/6331em34
ڕێـكـەوتـی وەرگـرتـن: 13/02/2024
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 10/03/2024
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/08/2025

# كاریگەریی فەیسبوك لەسەر ئازادیی باوەڕ لای گەنجانی هەرێمی كوردستان

شۆڕش انور عبدالله[1] هێرش ڕەسوڵ موراد[2]
shorsh.mam20@epu.edu.iq - hersh.rasool@spu.edu.iq
[1] بەشی تەكنیكی میدیا، كۆلێژی تەكنیكی كارگێری، زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولێر، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق.
[2] كۆلێژی تەكنیكی كارگێڕیی، زانكۆی پۆلیتەكنیكی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ئامرازە نوێییەكانی چەشـــنی ڕاگەیاندن (New Media)، بە گشـــتی پانتاییەكی كراوەن بۆ گەیاندنی پەیام و ڕاوبۆچون و زانیارییە جیاوازەكان. لەناو میدیای نوێدا، تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان (Social Networking) بە گشـــتی، بێ بەرامبەر دەرفەتێكی فراوانیان بۆ دەرخستن و گفتوگۆكردن لەبارەی بیرورا و باوەڕە جیاوازەكانەوە ڕەخساندوە، هەروەها (فەیســـبوك) وەك ســـەكۆیەكی بەربڵاوی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان و پرسی ئاین و باوەڕە جیاوازەكانیش وەك پرســـێكی هەمیشەیی لەناو سەكۆی فەیسبوكدا هەیە و بەشداربوانیش لەبارەی بیروباوەڕەوە ڕا و سەرنجی یەكگرتو یان جیاوازیان هەیە؛ هەر بۆیە یەكێك لە ئامانجە ســـەرەكییەكانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە، دەرخســـتنی ڕادەی قبوڵكردنی (ئازادیی باوەڕ) وەک مافێكی گەردونیی، لای بەكارهێنەرانی (فەیسبوک) وەک کۆمەڵێكی گریمانەكراو یان واقیعی مەجازیی.

توێژینەوەكە، لە ڕوی ڕێبازەوە، بە توێژینەوە پەسنكاریی (وەسفییـــ)ەكان هەژماردەكرێت، توێژەران بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیارەكان و بە دیهێنانی ئامانجەكانی، ڕێكاری (ڕوپێوكاریـ)ـیان بەكارهێناوە. هەروەک كۆمەڵی توێژینەوەكە، بریتییە لە هەرێمی كوردســتان، مشــتەكەیشی ـ(مشــتەیەكی ناهەڕەمەكی مەبەســتدارە)، گەنجانی هەر چوار پارێزگاكەی هەرێمی كوردســتانە: (هەولێر، ســلێمانی، دهۆك و هەڵەبجە)، ژمارەیان (702) گەنجە لە تەمەنی (١٦- ٤٠) ســاڵی، بە جیاوازیی (توخم، تەمەن، ئاستی خوێندەواریی، شوێنی نیشتەجێبون، پیشە، ئاین و باوەڕ)، بە شێوەی فۆڕمی سەرهێڵ (ئۆنلاین) وەڵام دراونەتەوە و توێژەران، بۆ بەدەســـتهێنانی دەرەنجامی ورد و دروســـت، كەرەســـتەی ئامارییی (SPSS- Statistical Package for the Social Sciences)یان بەكارهێناوە.

توێژەران لە كۆتایی توێژینەوەكەدا؛ بە چەند دەرەنجامێک گەیشـتون، لەوانە؛ زۆرینەی مشـتەی توێژینەوەكە، ڕایانوایە؛ لە فەیسـبوكدا، وتار و پۆسـتی بانگخوازانی ئاینەكان كاریگەرییەكی خراپ (نەرێنی)یان لە بارەی ئازادیی باوەڕ و ئاینەوە هەیە.

**کلیلەوشەکان:** کاریگەریی، فەیسبوك، ئازادیی باوەڕ، گەنج، هەرێمی کوردستان

# The Impact of Facebook on Youth's Freedom of Belief in the Kurdistan Region of Iraq

**Shorsh anwar abdalla[1] - Hersh Rasool Murad[2]**

[1]Department of Media Techniques, Erbil Technical Administrative College, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Technical College of Administration, Sulaimani Polytechnic University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstrct

New media tools, including social networking platforms like Facebook, offer a wide range of opportunities for individuals to express and discuss their opinions and beliefs. Given the diverse religious landscape in the Kurdistan Region, this study aims to examine the extent to which social media platforms, particularly Facebook, influence the freedom of belief among young people in the region. This research follows a descriptive approach, employing surveys as the primary method to gather data and address research questions. The study targeted young people from all four governorates of the Kurdistan Region: Erbil, Sulaymaniyah, Duhok, and Halabja. 702 respondents as a simple participated in the online survey. The findings of the study reveal several conclusions. A notable finding is that the majority of respondents perceive that speeches and posts of religious people have a negative impact on freedom of belief and religion on Facebook. These conclusions shed light on the influence of Facebook and the importance of understanding its implications for freedom of belief among the youth in the Kurdistan Region.

**Keywords:** Impact ،Facebook ،Freedom of Belief ،Youth ،Kurdistan Region.

## پێشەکی:

یەکێك لە هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بریتییە لە بەکارهێنان و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا، تەکنەلۆجیا بەرەنجامی شۆڕشی زانیارییەکانە، ڕۆڵی کاریگەری هەبوە لە گۆڕانی کۆمەڵدا. ئەمڕۆ کۆمەڵی مرۆیی لە سایەی تەکنەلۆجیای نوێ، گۆڕانی گەورەی بەسەرداهاتوە، ڕۆڵی کاریگەریان هەبوە لە تێکشکاندنی سنوربەندی کولتورەکانی دونیادا، لەناو ئامرازە نوێچەشنەکانی ڕاگەیاندنیشدا؛ تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان پانتاییەکی فراوانیان داگیرکردوە و، لەو نێوانەشدا سەکۆی (فەیسبوك) دیارترینیانە. لە هەرێمی کوردستانیش بەشداربویەکی زۆری لەخۆگرتوە، بە گشتی ئازادیی تاچەند لە فەیسبوکدا ڕەنگیداوەتەوە؟ ئەی بەکارهێنەرانی چۆن هەڵوێست وەردەگرن لەبارەی ئازادیی باوەڕی ئەوانیترەوە و بۆ باوەڕی خۆیان چۆن هەڵوێست وەردەگرن؟ لە کاتێکدا ئەم سەکۆیە بە تایبەتمەندییە فرە و جیاوازەکانی دەرفەتی بۆ بەکارهێنەرانی خستوەتەڕو، تا گوزارشت لە ئاین و باوەڕە جیاوازەکانیان بکەن.

ئەم توێژینەوەیە؛ جگە لە پوختە و پێشــەکیی، لە سێ پـاژی ســەرەکی پێکهـاتوە. پـاژی یەکەم تـایبەتە بە (ڕێبـازنـامەی توێژینەوەکە) کە چەنـد بڕگەیەکی میتۆدیی و ڕێکـارییە، پـاژی دوەمی (زانیـارییـنـامەی توێژینەوەکە) لەخۆدەگرێت و لە چەند تەوەرێك پێکدێت، تیایدا تیشــکدەخرێتە ســەر میدیای نوێ و پێکهاتە و تایبەتمەندییەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیســبوك، لە تەوەرێکی تردا مـاف و ئـازادییەکـان لە جـاڕنـامە و پەیمـاننـامە و ڕێکەوتننـامە نێودەوڵەتییەکان ڕوندەکرێنەوە، هەروەها جگە لە باسی ئاینەکان، ئازادیی باوەڕ لەلایەن باوەڕ و ئاینە جیاوازەکانەوە تاوتوێدەکرێت.

پاژی سێیەمی توێژینەوەکەش، (کردەنییـنامەی توێژینەوەکە)ـــیە، کە تێیدا شیکردنەوەی ڕا و سەرنجی مشتەی توێژینەوەکە دەبێت، بۆ ڕاپێوییـنامەکە مشـــتەیەك لەو گەنجانەی بەکارهێنەری فەیســبوکن وەرگیراون و ئەنجامەکان شرۆڤەکراون. لە کۆتاییشدا دەرەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکان سەرچاوەکان دەخرێنەڕو.

## پاژی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:

کێشـــەی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە ناڕونیی ئەو کاریگەرییەی فەیســبوك هەیەتی لەســەر ئازادیی باوەڕ لای گەنجانی کورد لە هەرێمی کوردســتاندا. بۆ هەڵوەسـتەی زیاتریش لەسـەر کێشـەکە، توێژەران ئەم پرسـیارانەی خوارەوە دەخەنەڕو:

1) کاریگەریی فەیسبوك لەسەر پرسی ئازادیی باوەڕ لای گەنجانی هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟
2) جۆری ئەو کاریگەرییەی فەیسبوك هەیەتی لەسەر ئازادیی باوەڕ ئەرێنیی یان نەرێنییە؟
3) تاچەند قبوڵکردنی (ئازادیی باوەڕ) وەک مافێکی گەردونیی، لای بەکارهێنەرانی (فەیسبوک) وەک کۆمەڵێکی گریمانەکراو یان واقیعی مەجازیی ڕەنگیداوەتەوە؟
4) ڕادەی کاریگەریی ڕەوشی ئازادیی باوەڕ لە زەمینی واقیع (واقیعی ڕاستینە) لە هەرێمی کوردستان لەسەر واقیعی مەجازیی، لە چ ئاستێکدایە؟
5) پەیوەندیی و جیاوازیی مشتەی توێژینەوەکە (گەنجان) لەسەر بنەمای (توخم، تەمەن، ئاستی خوێندەواریی، شوێنی نیشتەجێبون، پیشە، ئاین)، لەگەڵ هەردو گۆڕاوی سەربەخۆ و شوێنکەوتوی توێژینەوەکە (فەیسبوک، ئازادیی باوەڕ)، چۆن و لە چ ئاستێکدایە؟

### دوەم: گرنگیی توێژینەوەکە:

دەکرێت لە چەند ڕەهەندێکەوە گرنگی ئەم توێژینەوە بخرێتە ڕو:

1) تیۆر و لایەنی زانستیی: لەبەر هەستیاریی قسەکردن لەسەر ئازادیی باوەڕ لە کۆمەڵێکی وەك هەرێمی کوردستاندا، کار و توێژینەوەیەکی زۆر کەمی ئەکادیمی لەبارەوە کراوە، هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیە دەبێتە دەروازەیەکی گرنگی ئەکادیمی و زانستی بۆ پرسی ئازادیی باوەڕ، لە چوارچێوەی میدیای نوێدا.
2) کۆمەڵ و نیشـتمان: توێژەران دەڕواننە گرنگیی ئەم پرسـە و کاریگەریی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە لای گەنجانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش بۆ خزمەتکردن و باشترکردنی دۆخی فرەیی و پێکەوەژیانی ئاینیی لە هەرێمی کوردستاندا.

3) کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنوسیی: ئەم توێژینەوەیە ڕێگا لەبەردەم ڕاگەیاندنکار و ڕۆژنامەوانانی هاووڵاتی ( Citizen Journalists) دەکاتەوە، تا بەرپرسانە و بێلایەنانە، لە چوارچێوەی بەها مرۆیی و گەردونییەکان و ئاکاری پیشەی ڕاگەیاندندا پەیامەکانیان ئاراستەبکەن.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە:**

1) زانینی ئاستی کاریگەریی تۆڕی کۆمەڵایەتیی (فەیسبوك) لەسەر ئازادیی باوەڕ لای گەنجانی هەرێمی کوردستان.
2) ئاشکراکردنی جۆری ئەو کاریگەرییە (ئەرێنیی/ نەرێنی)ی ئەو تۆڕە لەسەر ئاستی ئازادیی باوەڕ کە لای گەنجانی هەرێم هەیەتی.
3) دەرخستنی ڕادەی قبوڵکردنی (ئازادیی باوەڕ) وەک مافێکی گەردونیی، لای بەکارهێنەرانی (فەیسبوک) وەک کۆمەڵێکی گریمانەکراو یان واقیعی مەجازیی.
4) زانینی ئەندازەی کاریگەریی ڕەوشی ئازادیی باوەڕ لە زەمینی واقیع (واقیعی ڕاستینە) لە هەرێمی کوردستان لەسەر واقیعی مەجازیی.
5) ئاشکراکردنی پەیوەندیی و جیاوازیی مشتەی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای (توخم، تەمەن، ئاستی خوێندەواریی، شوێنی نیشتەجێبون، پیشە، ئاین)، لەگەڵ هەردو گۆڕاوی سەربەخۆ و شوێنکەوتوی توێژینەوەکە (فەیسبوک، ئازادیی باوەڕ).

**چوارەم: ڕێباز و ڕێکاری توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە، لە ڕوی ڕێبازەوە، بە توێژینەوە پەسنکاریی (وصفي)یەکان هەژماردەکرێت، کە توێژەران بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیارەکان و بە دیهێنانی ئامانجەکانی، ڕێکاری (ڕوپێوکاریی)یان بەکارهێناوە.

**پێنجەم: کۆمەڵ و مشتەی تویژینەوەکە:**

کۆمەڵی توێژینەوەکە بریتییە لە گەنجانی هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆك و هەڵەبجە)، مشتەکەیشی(مشتەیەکی ناهەڕەمەکی مەبەستدارە)، گەنجانی کوردە لە هەرێمی کوردستان، کە بەکارهێنەری فەیسبوکن و ژمارەیان (٧٠٢) گەنجە لە تەمەنی (١٦- ٤٠) ساڵی، بە جیاوازیی (توخم، تەمەن، ئاستی خوێندەواریی، شوێنی نیشتەجێبون، پیشە، ئاین و باوەڕ).

**شەشەم: ڕواڵەتەدروستیی:**

توێژەران بۆ پێوانەکردنی ڕواڵەتەدروستیی ڕاپێوینامەی توێژینەوەکە ئەم هەنگاوانەیان گرتۆتەبەر:
1) دانانی ڕاپێوینامە (فۆڕمی ڕاپێویی) لە ڕوانگەی ئامانج و پرسیارەکانی کێشەی توێژینەوەکە.
2) پێوانەی ڕواڵەتەدروستی بەکارهاتوە، بۆ پێوانەکردنی ڕاستیی فۆرمەکان.
3) پشتبەستن بە کۆمەڵێ لە شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن، کۆمەڵناسی، دیراساتی ئیسلامیی، فەلسەفە، کە ژمارەیان (٩) شارەزایە[1]بۆ بڕیاردان لەسەر گونجاویی بڕگەکان، بە گۆڕین یان هەموارکردن.

**حەوتەم: ڕادەی جێگیریی:**

بۆ پێوانەکردنی ڕادەی جێگیریی ڕاپێوینامەی ئەم توێژینەوەیە، پشت بە پێوانەی (ئەلفا کرۆنباخ) بەستراوە. جێگیریی بۆ هەر یەك لە پێوەرەکان بە شێوەیەکی گشتیی، دەکاتە (0.945) کە گەورەترە لە بەهای (0.65)، ئەمەیش بە بەهایەکی باش دادەنرێت و ئاماژەیە بۆ جێگیریی پێوەرەکان.

**هەشتەم: ئامارشیکاریی بەکارهاتو:**

توێژەران، بۆ بەدەستهێنانی دەرەنجامی ورد و دروست، کەرەستەی ئاماریی ( SPSS- Statistical Package for the Social Sciences)یان بەکارهێناوە، کە لە ڕێیەوە چەند کردارێکی تری ئاماریی بەکارهاتوە، ئەوانیش:

1) ڕێژەی سەدیی= بەش ١٠٠÷ کۆی گشتیی.
2) ناوەندی ژمێرەیی (الوسط الحسابي الموزون)$^2$ = کۆی بەهاکان ÷ ژمارەی بەهاکان.
3) لادانی پێوانەیی (الانحراف المعياري في الوسط الحسابي الموزون)
4) باو (المنوال): زۆرترین دوبارەبوەوە (أكبر تكرارات)
5) گرنگیی ڕێژەیی (أهمية النسبي - Relative Important)
6) تاقیکردنەوەی چوارگۆشەیی کای (اختبار مربع كاي - Chi-squared test)

**نۆیەم: ئامرازەکانی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا، بەشێوەیەکی گشتی دو ئامراز بەکارهاتوە:

أ. **ڕاپێویی ئۆنلاین**: وەك ئامرازێك بۆ زانینی تێڕوانینی گەنجانی کورد لە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش سود لە خزمەتگوزاریی فۆرمی ڕاپێویی گوگڵ (Google Form) وەرگیراوە.

ب. **تێبینیکردن:** بریتییە لە سەرنجدانی توێژەر بۆ پرس و بابەتە سەرەکییەکە و پرس و بابەتە لاوەکییەکان، هەروەها تێبینیکردنی سەبارەت بە ئازادیی باوەڕ و کاریگەریی فەیسبوك و ئاستی کاریگەرییەکەی لەسەری، بەوپێیەی توێژەران سەرەڕای لایەنی ئەکادیمیی، خاوەن ئەزمون و شارەزایین لە بواری ڕاگەیاندن و ماف و ئازادییەکاندا.

**دەیەم: بوارەکانی توێژینەوەکە:**

بۆ دیاریکردنی بوارەکانی توێژینەوەکە، سێ بواری سەرەکی تێدا ڕەچاوکراوە:

1) شـــوێن: لە ڕوی شـــوێنەوە، ئیدارەی هەرێمی کوردســـتان - عێراق دەگرێتەوە، کە هەر چوار پارێزگای هەولێر، سلێمانی، دهۆك و هەڵەبجە، لەخۆدەگرێت.
2) کات: ماوەی وەرگیراوی مشتەی توێژینەوەکە ساڵی (2022 - 2023)یە، بۆ زانینی تێڕوانینی بەرتوێژان سەبارەت بە "کاریگەریی فەیســـبوك لەســـەر ئازادیی باوەڕ لای گەنجانی هەرێمی کوردســـتان"، بەوپێیەی لەو ســـاڵەدا، چەند ڕوداوێک لە هەرێمی کوردســـتان ڕویاندا، کەوا کەمتازۆر بە بابەتی ئازادیی باوەڕ و ویژدانەوە پەیوەندیدار بون، بونە بابەتی مشـــتومڕســـازی بەکارهێنەرانی فەیســـبوک، لەوانە: (کوشـــتنی ماریا ســـامی، لێدوانێکی ناسر ڕەزازیی، بابەتی جێندەر، قسەی بانگخوازانی ئاینیی و چالاکانی کۆمەڵی مەدەنی و دواهەمینیشیان تێرۆرکردنی خواناس وریا).
3) مرۆیی: توێژەران لە ڕێگەی ڕاپێوینامە (فۆرمی ڕاپێویـ)ی ئەلیکترۆنییەوە، بە جیاوازیی توخم، تەمەن، بڕوانامە و ئاین و باوەڕی جیاوازەوە، چەند پرسیارێکیان ئاراستەی (٧٠٢) گەنجی کورد کردوە.

### پانزەیەم: دیاریکردنی چەمك و زاراوەکان:

لەم بڕگەیەدا، مانای چەمک و زاراوەکان، وەک ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا مەبەستە، دەخرێنەڕو:

1) **کاریگەریی**: مەبەست لەو کاریگەرێتییەیە، تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوك لەسەر باوەڕی ئاینیی گەنجانی کورد لە هەرێمی کوردستان دایدەنێت.
2) **فەیسبوک**: مەبەست لەو هەژمار و پەڕە و گروپانەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوکە، کە بە زمانی کوردی پەیام و تێڕوانینەکانیان بڵاودەکەنەوە و هاوبەشی پێدەکەن.
3) **ئازادیی باوەڕ**: مەبەست لەو مافە سروشتییەی مرۆڤە لە جاڕنامە و ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و دەستوری وڵاتە دیموکراسیی و سێکۆلارەکاندا تۆمارکراون، وەك ئەوەی مرۆڤ ئازادە لە دیاریکردن و دەستنیشانکردنی هەر باوەڕێك، وەکچۆن ئازادیی دیین یان ئازادیی ویژدانیشی پێدەوترێت.
4) **گەنج**: مەبەست لە گەنجانی کوردە لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ هەرسێ ڕەگەز، کە تەمەنیان لە نێوان (١٦-٤٠)، ساڵیدایە و بەکارهێنەری تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوکن.
5) **هەرێمی کوردستان**: ناوچەیەکی جوگرافیاییە، دەکەوێتە نێو دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خاوەنی حوکمی فیدراڵیە لە چوارچێوەی کۆماری عێراق ، لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەپشتبەستن بە دەقی دەستوری هەمیشەیی عێراق ، دانپێدانراوە (مادەی ١١٩، دەستوری عێراق: ٢٠٠٥).

## پاژی دووەم: زانیارییینامەی توێژینەوەکە

### تۆڕەکانی پەیوەندییکردنی کۆمەڵایەتیی.. چەمک و پێناسە:

چەمکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (Social Networking) دەرهاویشتەی کۆمەڵێ پێگەی سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێتە، کە لەگەڵ نەوەی دووەمی وێب web_2.0 ناسراوە، ئەم پێگانە لە ژینگەیەکی گریمانەییدا پەیوەندیی لەنێوان تاکەکان دروستدەکەن، بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی سۆز و خولیاکانیان، شار، زانکۆ، خوێندنگا، کۆمپانیا و شوێنی کار.. تاد لە ژینگەی تۆڕ و پێگە کۆمەڵایەتییەکاندا، کۆدەبنەوە و زانیاریی و پەیامەکانیان دەگۆڕنەوە. (عبدالله و محمد، 2021، 4) تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بە گشتیی هەمو ئەو پێگە ئینتەرنێتیانە دەگرێتەوە، کە بەهۆیەوە پەیوەندییئاڵوگۆڕی زانیارییەکان ئەنجامدەدرێت، کە گۆڕانکارییەکی درێژکراوەی لە چەندێتیی و چۆنێتیی پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکاندا ئەنجامدا. (شێخانی، 2020)

لە پێناسەیەکی تردا هاتوە؛ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بریتییە لە دیموکراتیزەکردنی ناوەڕۆك و تێگەیشتن بۆ ئەو ئەرکەی، کە لەوێدا خەڵکی نەك تەنیا کار لەسەر خوێندن و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان دەکەن، بگرە بۆ خۆشیان لە دروستکردن و بەشداریی لە ناوەڕۆکی ئەو زانیارییانە دەکەن، کە بەهۆی کەسانی ترەوە بڵاودەکرێنەوە. (گۆدەرزی، 2012، 121)

### پۆلێنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ژمارەیان زۆرە و بەردەوامیش لە زیادبوندان، هەرکەس و گروپ و ناوچەیەك بە شێوەیەك سوودی لێوەردەگرن، بۆیە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی چالاکییەکانیان و بواری بەکارهێنان و سودلێوەرگرتنیان جیاکراونەتەوە لەناو خۆیاندا، کە بە زۆریی وا جیاکراونەتەوە: (محمودی و ئەوانیتر، 2021، 44،43)

أ. **تۆڕەکانی زانیاریی:** ئەو تۆڕانەن، کە خەڵك تێیدا بە دوای وەڵامی پرسیارەکانی ڕۆژانەی خۆیانەوەن و زانیارییەکانیان لەوێوە وەردەگرن.

ب. **تۆڕە پیشەییەکان:** لەم تۆڕانەدا کەسانی پسپۆڕ لەسەر پرسێك، یان داهێنانێك وەڵامی پرسیارەکانی خەڵکی دەدەنەوە.

ت. **تۆڕە فێرکارییەکان:** ئەو تۆڕانە دەگرێتەوە، کە فێرخوازان لە پرۆژە زانستییەکاندا تێیدا بەشداردەبن.

ث. **تۆڕەکانی سەرگەرمیی:** زیاتر ئەو کەسانە تێیدا بەشدارن، هۆگری بابەتەکان بون و کاتی تێدا بەسەردەبەن.

ج. **تۆڕەکانی هەواڵ:** ئەو تۆڕانەن، هەواڵ و بابەتی ناو کۆمەڵی تێدا بڵاودەکرێتەوە.

### فەیسبوك:

فەیسبوك، لە مانگی شوباتی ساڵی 2004 لەلایەن (مارك زوکەربێرگ)ی خوێندکاری زانکۆی هارڤارد و هاوڕێکانی دروستکرا. (حمەصالح، 2015، 165) ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە، بەهۆی ئەو خۆنوێکردنەوە خێرا و بەرەو پێشچونانەی هەیەتی، وایکردوە و ببنە هۆی سەرکەوتنی بەردەوامی تا ئێستا و ئاماژە بە چەند خاڵێکی هۆکاری سەرکەوتنی دەدەین، لەوانە، سنوری کەسی تێیدا پارێزراوە و سادەیە لەبەکارهێناندا، (موراد وئەوانیتر، 2020، 78) بەردەستبونی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوك بە 111 زمانی جیاواز لە سەرانسەری جیهاندا، (Fick & Dave, 2019) بەردەست بونی لە ڕێگەی مۆبایلەوە و خۆ گونجاندنی لەگەڵ تەکنۆلۆژیا نوێیەکاندا. (محمودی و ئەوانیتر، 2021، 84،83)

ئەمانە و چەندین هۆکاری تر، وایانکردوە ببنە خاڵی سەرکەوتنی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە، هەرچی مەبەستی بەکارهێنەرانیشییەتی بەپێی ئەو مەبەست و ئامانجانەی هەیەتی دەگۆڕێت، واتە دەکرێت فەیسبوك بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە کەسیی و کۆمەڵایەتییەکان بێت، یان بۆ کاری بازرگانیی بێت، یان بۆ هەر مەبەستێکی تر بەکارهێنەر بیەوێت، (موراد وئەوانیتر، 2020، 79) هەربۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، ژمارەی بەکارهێنەرانی ڕو لە زیادبون دەکات، بە شێوەیەك لە ساڵی 2015، چالاکیی مانگانەی بەکارهێنەرانی 1.35 ملیار بەکارهێنەر بوە، (کاکەشێخ، 2015، 41) بەڵام لە ساڵی 2017 گەیشتۆتە 2.27 ملیار بەکارهێنەر لە مانگێکدا (Allton, 2018) و لە ساڵی 2021 دا سەرەتا 2.63 ملیار بوە و لە مانگی دیسێمبەری ئەو ساڵەدا گەیشتوەتە 2.74 ملیار بەکارهێنەر، (Youngblood, 2021)، هەروەها لە ساڵی 2022 دەرکەوت لە ساڵی 2021 گەیشتوەتە (2.85) ملیار. (Dean, 2023) هەروەك لە ساڵی 2022 دا بەپێی پێشبینیی ماڵپەڕی statusbrew، ڕێژەی بەکارهێنەرانی ئەم سەکۆیە دەگاتە 2.895 ملیار بەکارهێنەری چالاك لە مانگێکدا، (statusbrew, 2021) هەروەها لەگەڵ ئەوەی زیاتر لە 1.5ملیار بەکارهێنەر چالاکیی ڕۆژانەی لە ڕێگەی مۆبایلەوە هەیە. (Mohan, 2021) ئامارەکان لە بەرزبونەوەدان و تا چارەکی دوەمی ساڵی 2023 گەیشتوەتە (3.03) ملیار کەس. (statista, 2023)

تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوك و تیمی کۆمپانیای فەیسبوك، کە هەر هەمان ناوی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکە بو بەڕێوەیاندەبرد، بەڵام لە ئۆکتۆبەری 2021 وابڵاوکرایەوە ناوی کۆمپانیای فەیسبوك دەگۆڕدرێت بۆ مێتا (Meta)،

ئەوە بو سەرجەمی تۆڕەکانی فەیسبوك و ئینستاگرام و واتس ئەپ، کۆکرانەوە لەو کۆمپانیایەدا و (مێتا) جێی ناوی کۆمپانیای (فەیسبوک)ی گرتەوە. (Heath, 2021)

**پێکهاتە و تایبەتمەندییەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك:**

تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك خاوەن چەندین پێکهاتە و تایبەتمەندییە، بەکارهێنەر بەپێی خولیا و مەبەستەکانی لە بەکارهێنانی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییەدا سودیان لێ وەردەگرێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتیی ئەو پێکهاتە و تایبەتمەندیيانەی تێیدا زەقبوەتەوە و توێژەران و پسپۆڕان ئاماژەیان بۆکردوە، بریتین لەمانە:

أ. دۆسیەی کەسیی (Profile): هەر بەکاربەرێکی نێو ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە خاوەن دۆسیەیەکی تایبەت بەخۆیەتی، تیایدا ناو، وێنە، ناسناو، ساڵی لەدایك بون و کاروپیشە و باری خێزانی و هەمو شتەکەسێکانی تێدا دەخرێتەرو.

ب. لیستی هاوڕێ (Friend lists): یەکێکە لەو تایبەتمەندیانەی، کە ڕێگە بە بەکارهێنەر دەدات، وابکات ئەوکەسانەی سەردانی پرۆفایلەکەی دەکەن، لیستی هاوڕێکانی ببینن، یان بەپێچەوانەوە.

ت. بابەتەکان (Posts): بریتییە لە بڵاوکراوەکانی بەکارهێنەر لە وتار، وێنە، ڤیدیۆ و هەرزانیارییەك، کە ئەوە بەدەستی بەکارهێنەرە، کێ بیبینێت، ئایا گشتی بێت یان تایبەتی و بۆ هاوڕێیانی یان چەند کەسێك لە هاوڕێیانی بێت.

ث. کاردانەوە (Reactions): لە کاتی بڵاوکردنەوەی هەر بابەتێك دەتوانرێت لەلایەن هاوڕێیان و ئەوکەسانەی بابەتەکە دەبینن بەپێی ڕێپێدانی بەکارهێنەر، کاردانەوەیەکی بەرامبەر بکرێت وەك ڕەزامەندی (like)، نارەزایی و بێزاری (frustration) و سۆز و خۆشەویستی (love)، یان هەر کاردانەوەیەکی دیکە، کە بەردەست بێت.

ج. لێدوان (Comments): هەربابەتێك بڵاودەکرێتەوە، دەتوانرێت لێدوان و ڕاوسەرنجی لەسەربدرێت، ڕاگرتن و کاراکردنی ئەمە، دەکەوێتە سەر خواستی بەکارهێنەر.

ح. هێماکردن (Tagging): بەکارهێنەران دەتوانن لەسەر وێنەیەك، کە کەسێکی تری تێدا دەردەکەوێت، وەك ئاماژەیەك ئەوکەسەی تێدا تاگبکرێت و بەو شێوەیە بابەتەکە لەلایەن هاوڕێیانی ئەوکەسەوە دەبینرێت.

خ. نەگونجان و بلۆککردن (Unfriending & Blocking): بەکاردێت بۆ وەستاندنی کەسێك، کە بێزارت دەکات، بەهەردو ڕێگای نەگونجان وەك هاوڕێ و لابردنی لە لیستی هاوڕێیانتدا، یان بلۆك کردن و دورکەوتنەوە لە بینینی بڵاوکراوەکان و تەنانەت نامە تایبەتییەکانیش. (facebook, 2021)

د. فەیسبوك لە ڕێگای ڕێکلامی بازرگانییەوە (Facebook Advertising) ئاسانکاریی دەکات بۆ ئەو کەسانەی بازاڕسازیی یان کاری بازرگانیی دەکەن لە ڕێگەی دۆزینەوەی کڕیاری گونجاوەوە.

ذ. دەتوانیت پەخشی ڕاستەوخۆ بکەیت لە ڕێگەی بەکارهێنانی (Live Facebook). (رزگار، 2021)

ر. جگە لە دروستکردنی هەژماری کەسیی، بەشداربو ڕێگەی پێدەدرێت تا پەڕە (Page) بۆ کار یان بابەتە دڵخواز و مەبەستدارەکانی بێ بەرامبەر دروست بکات و چەند ئەدمین و بەڕێوەبەرێکیشی هەبێت. (جرار، 2012، 42)

ز. وێنە، یەکێکی ترە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم تۆڕە و لە ڕێگەیەوە بەکارهێنەر دەتوانێت، وێنەی جۆراوجۆر وەربگرێت، یان بینێرێت بۆ مەبەستی جیاجیا.

س. دۆخ (Status)، لە ڕێگەیەوە بەکارهێنەر دەتوانێت هاوڕێیانی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسـبوك لەوە ئاگاداربکاتەوە، لە چ شوێنێك دەبێت، لەگەڵ دەرخستنی ئەو بارودۆخەی تێیدایە.

ش. دیـاری (Gifts) لەڕێگەیەوە بەکـارهێنەران دەتوانن دیـاری گریمـانەیی بۆ یەکتر بنێرن، لەســـەر پەڕەی تـایبەتی دەردەکەوێت و پێشوازیکردن لەو دیارییە ئاراستەی یەکدی دەکەن. (موراد و ئەوانیتر، 2020، 79)

ص. کۆمپانیای مێتا، (Play Games)ــی زیادکردوە بۆ سەکۆی فەیسبوك، بە زیادکردنی ئەم تایبەتمەندییە کارلێککاری نوێی جۆراوجۆر، کە دیزاینکراوە، بەهۆیەوە یارمەتی هەوادارانی یاریکردن دەدات. (Hutchinson, 2021) لەگەڵ ئەمەشدا (Gaming Video)ی تێدایە، کە ئاسانکاریی دەکات بۆ بەکارهێنەرانی.

ض. تایبەتمەندییەکی تری فەیســـبوك بونی (Reel)ـــــە، کە وەك کۆمپانیای مێتا خۆی ئاماژەی بۆ کردوە، ئەزمونێکە دەسـەڵات دەدات بە هەر کەسێک، بۆ دروستکردنی کورتەڤیدیۆی بازرگانیی، سـەرگەرمیی، زانسـتی، پەروەردەیی و فێرکاری یان هەربوارێکی دیکە، بۆ ئەوەی لەگەڵ بەشداربوانی فەیسبوک هاوبەشییان پێ بکات.

پێکهاتە و تایبەتمەندییەکانی فەیسبوك دەکرێت دەماودەم زیادبن، یان کەمبکرێنەوە و گۆڕانیان بەسەردا بێت، بۆیە لە ئێسـتادا بەپێی ئەو تایبەتمەندییانەی پێگەی فەیسـبوك هەیەتی، دەکرێت ئاماژە بە(Messenger Story) بکرێت، کە بەکارهێنەر لە ڕێگای ئەم تایبەتمەندییەوە دەتوانیت وێنە و ڤیدیۆکان لە مەســنجەر و فەیســبوکدا بە زیادکردنی لە سـتۆرییەکەی بڵاوبکاتەوە، (Team, 2019) یان (Messenger Kids) ئەمەش ئەپێکە بۆ منداڵان دروسـتکراوە، بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ خێزان و هاوڕێ نزیکەکانی، دایک و باوک دەتوانن ئەکاونتی فەیســـبوکی خۆیان بەکاربهێنن بۆ دانان و بەڕێوەبردنی ئەکاونتی منداڵەکەیان. (Meta, 2023)

جگە لەم تـایبەتمەندییانە، دەکرێت چەنـدانی تریش هەبێت، کە لە ماڵپەڕ و کاربەرنامە (Application)ــــی فەیســـبوکدا بەردەســـت بن بۆ بەکارهێنەرانی، لە کاتی نوێکردنەوە و گۆڕانکاریی لە کاربەرنامە و ماڵپەڕی فەیســـبوکدا، گۆڕانکاریی بەسەر چەندێتیی و چۆنێتیی تایبەتمەندییەکانیاندا بێت.

## ئازادیی.. چەمک و پێناسە:

وشەی ئازادیی، لە زمانی لاتینی بە (Libertas) و لە زمانی ئینگلیزییدا بە (Freedom-Liberty) و بە فەرەنسی (Liberte)هاتوە، سـەرجەمیان بە مانای "ئازادیی ویسـت، سـەربەخۆیی و سـەربەسـت لە کۆیلایەتیی" دێت، لە زمانی عەرەبیشـــدا ئازادیی بە (الحرية) هاتوە. (علی، 2011، 11) لە زمانی کوردیشـــدا بۆ ئازادیی لە فەرهەنگی خاڵدا بە "سـەربەسـتی و سـەربەخۆیی" ماناکراوە، (خاڵ، ٢٠٠٥) وە لە فەرهەنگی شـێخانیدا بە "بەندە و عەبد نەبون، جڵەو بەدەسـت خۆوە بون و ژێردەسـتەی کەس نەبون" و (شـێخانی، 2009) لە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینەشـدا لە بەرامبەر ئازادییدا "ڕزگاریی و سەربەستی" هاتوە. (هەژار، 1989، 5)

ئازادیی، لە فەرهەنگی فەلسەفەدا پێناسەکراوە بەوەی، باری بونەوەرێکی زیندوە، ملکەچی زوڵم و زۆر نابێـــت، (صـالح، 2005، 883) بە شـێوەیەکی تر، ئازادیی بە مانای ڕزگاربونی مرۆڤە لە هەمو کۆت و بەربەسـتەکانی، کە ڕێگرن لەبەردەم توانا و جموجۆڵ و بەرهەمەکانیدا، چ بەربەستی ماددیی بن یان مەعنەویی.(فایەق، 2012)

لەناو فەیلەسـوفانیشـدا (تۆماس هۆبز) وا چەمکی ئازادیی دەناسـێنێت، کە نەبونی بەربەسـتە دەرەکییەکانی جوڵەیە و ڕایوایە، "چەمکی ئازادیی بۆ غەیرە مرۆڤیش بەکاردێت". هەروەها (جۆن لۆك)ـــیش ئازادیی گرێدەدات بە یەکسانی نێو کۆمەڵ و نەبونی جیاکاریی تێیدا. بۆچونی وایە؛ ڕەهایی ئاینیی دەبێتە هۆی بەندایەتیکردن و چەوساندنەوە و لەناوچونی یەکسانیی لە کۆمەڵدا. (علی، 2011، 18)

**چەمکی ئازادیی و ڕەنگدانەوەی لە جاڕنامە نێودەوڵەتییەکان و دەستوری وڵاتاندا**

لە مادەی یەکی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە، "هەمو خەڵك بە ئازادیی لە دایکدەبن و لە باری ئابڕو و کەرامەت و مافەکانیانەوە وەك یەکن، هەمویان ئاوەز و هۆش و ویژدانیان هەیە و دەبێ بە گیانێکی لێبوردوانە لەگەڵ یەکدا بجوڵێنەوە". هەروەها لە مادەکانی سێ و دوانزەدا جەختی لەوە کردوەتەوە؛ هەمو تاکێك مافی ژیان، ئازادیی و تەناهیی تایبەت بە خۆی هەیە و هیچ کەســێک نابێت خۆی هەڵقورتێنێتە ژیانی تایبەت و هێرش بکرێتە سەر شەرەف و ناوبانگی. (Assembly, 1948, pp. 1-2)

لە پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنیی و ســیاســیەکانیشــدا، لە خاڵی دوەمی مادەی نۆزدەیەمیدا هاتوە: "هەمو کەســێک مافی ئازادیی ڕادەربڕینی هەیە، ئەم مافە، ئازادیی گەڕان و وەرگرتنی زانیاریی و هەرجۆرە بیرۆکەیەك و گواســتنەوەیان بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ ســنورێك دەگرێتەوە، جا بە زارەکیی یان لە نوســین و چاپ و لە شــێوەی هونەریی یان لە ڕێگەی هەر ڕاگەیاندنێکی تری هەڵبژێردراوەوە بێت. (ohchr, 1966)

هەروەهـا لە ڕێککەوتننـامەی ئەوروپی بۆ پـاراســتنی مـافەکانی مرۆڤ و ئـازادییە بنەڕەتییەکـانـدا، کە لە 59 مـادە پێکدێت(Commission, 2017) لە ماددەی دوەمیدا هاتوە: "مافی ژیانی هەمو کەســێك بە یاســا دەپارێزرێت". (Rights, 2022, p. 9) هەروەها لە ماددەی پێنج هاتوە: "هەمو مرۆڤێك مافی ئازادیی تەناهی خۆی هەیە، نابێت هیچ کەسێك ئازادیی لێ زەوت بکرێت، مەگەر بە گوێرەی یاسا بێت". (کەریم، 2017، 131-140)

**ئازادیی باوەڕ.. چەمک و پێناسە:**

یەکێك لەو مافە گرنگانەی مرۆڤ پیادەیدەکات و هەڵگری کۆمەڵێك سروت، پەرســتن و دروشــمی تایبەتە، ئازادیی باوەڕە. ئەم مافە پێناســەدەکرێت بەوەی؛ "مرۆڤ خاوەنی باوەڕێکە ڕەزامەندەیی، بە تێڕوانین لە گەردون و پەروەرێن، ژیان و مرۆڤ، بەبێ ڕق و زۆرلێکردن". (قادر، 2022، 305)

هەروەها ئـازادیی بیروبـاوەڕ و ئـاین، واتە "مرۆڤ ئـازادبێـت لە هەڵبژاردنی بیروبـاوەڕ و ئـاین و بۆ هیچ هێز و دەسەڵات و کەسێک نەبێت، لە دەرەوەی ویستی ئازادیی خۆیەوە، بیروباوەڕێکی بەسەردا بچەسپێنێت". (رزگار، 2021)

بە شـێوەیەکی تر، ئازادیی باوەڕ و ویژدان، "مەبەسـت لێی ئازادیی مرۆڤە، لە بون بە شـوێنکەوتەی ئاینێك یان بنەمایەك، کە دەیەوێت و ئازادە لە جێبەجێکردنی دروشمەکانی ئەو ئاینە، جا بە شاراوەیی بێت یان بە ئاشکرا". (خالد،

2020، 119) یان مەبەسـت لە ئازادیی ئاین ئەوەیە؛ "مرۆڤ بە تەواوەتی ئازاد بێت و سـەرپشـك بكرێت لە هەڵبژاردنی ئاین وبیروباوەڕەكەی، هیچ ترس وبیم و هەڕەشەیەكی لەسەر نەبێت لە ئاشكراكردنی". (قەپلان، 2017)

چەمكی ئازادیی باوەڕ یان ئاین، تەمەنی لە سێ سـەدە زیاتر نابێت، لە بنەڕەتدا چەمكێكی ڕۆژئاواییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەستە بە مافەكانی مرۆڤ لەهەركوێیەك بێت، ئەوەش پەیوەستە بە هەمو ئاینەكانەوە. (موراد و ئەوانیتر، 2019، 400)

## پرسی ئازادیی باوەڕ و ئاین لای جۆن لۆك:

یەكێك لەو پرسـانەی (جۆن لۆك) كاری لەبارەوە كردوە، ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەوكەسـانەدا بكەین، باوەڕ و ئـاینی جیاواز لە ئێمەیان هەیە، بۆ ئەم مەبەسـتەش جەختـدەكاتەوە لەوەی، "ئەگەر بە زۆر تـاكە ئـاینێك بسەپێنین، ئەوا سودی نابێت، چونكە ناتوانی بە ڕێگەی توندوتیژیی بانگەشە بۆ باوەڕ بكەیت" هەروەها دەشڵێت: "بە زۆر سەپاندنی یەك ئاین، لە بەرامبەر ڕێگەدان بە فرەیی و جیاوازیی، كۆمەڵ بەرەو شێواویی دەبات." (ئازادبون، 2022)

## ئازادیی باوەڕ و ڕەنگدانەوەی لە جاڕنامە نێودەوڵەتییەكان و دەستوری وڵاتاندا

لە بڕگەی یەكەمی مادەی شـانزەیەمی جاڕنامەی جیهانیی مافەكانی مرۆڤدا هاتوە: "هەر ژن و پیاوێك گەیشـتنە تەمەنی خۆناسـین (باڵغبون)، مافی ئەوەیان هەیە بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ سـنورێك لە باری ڕەگەز، نەتەوایەتیی یان ئاینەوە ببنە ژن و مێرد و ژیانی هاوبەش پێكبێنن". (UN, 1948) هەروەها لە مادەی هەژدەیەمیشـدا هاتوە: "هەمو كەسـێك مافی ئازادیی بیركردنەوە، ویژدان و ئاینیی هەیە". ئەم مافە بە جێهێنانی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسـمە ئاینییەكان، شێوەی تایبەت و گشتیی دەگرێتەوە. (UN, 1948)

لە ماددەی هەژدەیەمی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنیی و سیاسـییەكانیشـدا هاتوە: **"**هەموكەسێک مافی ئازادیی بیركردنەوە و ویژدان و ئاینی هەیە، ئەم مافە ئەوەش دەگرێتەوە، هەركەسێك ئازادە لەوەی بە ویستی خۆی هەر دینێک یان بیروباوەڕێكی هەبێت". هەروەها "هیچ كەسـێک نابێت ناچاربكرێت بۆ هەر باوەڕ و ئاینێك و نابێت ڕێگەی ئازادیی لە پەسەندكردن و پەیڕەویكردن لە هەر ئاین و باوەڕێكی بگیرێت." (resolution, 1966)

لە مادەی نۆیەم و خاڵی یەكەمی ڕێككەوتننامەی ئەوروپیی بۆ پاراسـتنی مافەكانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەكاندا هاتوە: "هەموكەسێك مافی بیركردنەوە و ویژدان و ئاینیی هەیە، ئەم مافە ئازادیی گۆڕینی ئاین و باوەڕیش دەگرێتەوە..."، (right, 2021) لە مادەی چواردەیەمیشیدا هاتوە: "دەبێت كەڵكوەرگرتن لەم ماف و ئازادییانەی لەم ڕێككەوتننامەیەدا باسكراون دەستەبەربكرێت، بەبێ هیچ جۆرە جیاوازیكردنێك لە ڕوی ڕەگەز، زمان، توخم، یان بەهۆی ئاین و بیروڕای سیاسیی و بیروڕای تر.... (كەریم، 2017، 131-140)

## پرسی ماف و ئازادییەكان لە دەستوری عێراق دا:

لە مادەی دوەمی دەستوری عێراق دا و لە بڕگەی یەكەمیدا هاتوە: "ئیسلام ئاینی ڕەسمیی دەوڵەتە، سەرچاوی سـەرەكیی یاسـادانانە". لە خاڵێكی پەیوەسـت بەم بڕگەیە جەختكراوەتەوە لەوەی؛ "نابێت یاسـایەك دابنرێت لەگەڵ حوكمە جێگیرەكانی ئیسلام ناتەبا بێت". لە هەمانكاتدا و لە خاڵی دواتردا هاتوە: "نابێت یاسایەك دابنرێت لەگەڵ بنەما دیموكراسییەكان ناتەبابێت." (دەستوری عێراق، 2005)

لە بڕگەی دووەمیشیدا هاتوە: "ئەم دەستورە ناسنامەی ئیسلامی زۆرینەی گەلی عێراق دەپارێزێت، هەروەها تەواوی مافە ئاینییەکانی سەرجەمی تاکەکان دەپارێزێت، لە ڕوی ئازادیی بیروباوەڕ و پەیڕەوی ئاینییەوە". (دەستوری عێراق ، 2005)

## ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان:

لە مادەی شەشەمی ڕەشنوسەکەدا هاتوە: "ئەم دەستورە داندەنێت بە ناسنامەی ئیسلامیی زۆرینەی گەلی هەرێمی کوردستان و ڕێزی لێدەگرێت، دان بە تەواوی مافە ئاینییەکانی مەسیحیی و ئێزدییەکان و ئەوانیتر دادەنێ و سەربەستیی بیروباوەڕ و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم و دابونەریتی ئاینیی لە هەرێمدا بۆ هەموکەسێك دابیندەکات، بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام سەرچاوەیەکی سەرەکیی یاسادانن و نابێ، یاسایەك دابنرێت ناکۆك بێت لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام و بنەماکانی دیموکراسی. (ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان، 2009)

لە دەروازەی دووەمدا و لە مادەی نۆزدەدا، لە بڕگەی نۆیەمدا هاتوە: "زۆرلێکردن لە ئایندا نییە، هەموکەس مافی ئازادیی ئاین و بیروباوەڕ و هزر و ویژدانی هەیە، حکومەتی هەرێم ئازادیی موسڵمان و مەسیحیی و ئێزدیی و کەسانی تریش لە بە جێگەیاندنی ڕێوڕەسمی خواپەرستی و دابونەریتە ئاینییەکاندا دەستەبەردەکا، بێ ئەوەی کەس پێشیان پێبگرێ.... (ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان، 2009)

## فەیسبوک و ئازادیی باوەڕ:

خاوەن بیروباوەڕەکان، لە فەیسبوکدا بەبێ جیاوازیی دەرفەتیان بۆکراوەتەوە، تا گوزارشت لە ڕاوبۆچونی خۆیان بکەن، لە ساڵی 2022 کۆمپانیاکە جەختی لەوەکردەوە؛ بابەتی ئاین لە ناسنامەی کەسێتییەکانی ناو فەیسبوك لادەبات. (Wehner, 2022) لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی توێژینەوەیەك، کە (کۆمیسیۆنی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بۆ ئازادیی ئاینیی نێودەوڵەتیی) بڵاویکردوەتەوە؛ "مانگانە کۆمپانیاکە سێ ملیۆن وشەی ڕقلێبونەوە لە بارەی ئازادیی ئاینییەوە لادەبات". (Lavery, 2020). ئەمەیش بە پێی ژینگە و ناوچەکان دەگۆڕێت، وەکچۆن کۆمیسیۆنەکە، لە ماڵپەڕی ڕەسمیی خۆیدا دەریخستوە؛ چەند وڵاتێك لە چوارچێوەی وڵاتانی لیستی چاودێریی تایبەت دانراوە، کە عێراقیش لەناو ئەو وڵاتانەدایە، لە هەمانکاتدا وڵاتانی دراوسێی وەك (ئێران، سوریا و سعودییە) لە لیستی وڵاتانی نیگەرانیی تایبەت دانراون. (uscirf, 2023)

## بیروباوەڕی ئاینیی لە هەرێمی کوردستاندا:

بەپێی یاسای ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠١٥ی پەرلەمانی کوردستان، هەشت پێکهاتەی ئاین و ئاینزا لە هەرێمی کوردستان مۆڵەتپێدراون، ئەوانیش: (ئیسلام، مەسیحیی، ئێزدیی، بەهائیی، سابیئەی مەندائیی، جو، زەردەشتیی و کاکەیی)ن. (ماڵپەڕی ڕەسمیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2023)

## ئیسلام:

لە بارەی پێناسەی ئەم ئاینەوە؛ (شێخ ابن باز) دەڵێت: "ئیسلام ملکەچ و تەسلیم و زەلیلی فەرمانەکانی خودایە لە هەمو ڕویەکەوە". هەروەها (الشیخ محمد صالح الملنجد) بەم شێوەیە ڕونیکردوەتەوە، "ئیسلام گوێڕایەڵیی و ملکەچبون و تەسلیمبونە بە فەرمانی ئەوکەسەی، فەرماندەکات و ڕێگری دەکات لە شتێك بەبێ هیچ ڕەخنەگرتن و

ملەجەڕێیەك...". (المنجد، 2013) هەروەها لە (العمران، 19) هاتوە: "بێگومان تەنیا ئەم دینی ئیسلامەیە، پەسەند و قبوڵە لای خودا". (رامان، 2015)

بانگخواز (ئیسماعیل سوسەیی) لەبارەی ئازادیی ئاینیی و لەناویاندا حوكمی هەڵگەڕاوە لە ئاینی ئیسلامدا لە وتارێكدا، كە لە تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان بڵاوكراوەتەوە دەڵێت: "رای پەسەند ئەوەیە، كە دەستبەجێ داوای لێدەكرێت پەشیمان ببێتەوە و ببێتەوە بە موسوڵمان، ئەگەر گومانێكی هەبو ئەوە دەبێت زانایانی ئیسلام بۆی بڕەوێننەوە...، سەرەنجام ئەگەر نەبێتەوە موسوڵمان دەستبەجێ لەسەری دەدرێت، چونكە پێغەمبەر دەفەرموێت: "من بدل دينه فاقتلوه" (بخاری، رقم الحديث: 3017) واتە "هەركەسێك دینی خۆی گۆڕی و هەڵگەڕایەوە لە ئیسلام، بیكوژن و حوكمی كوشتنە، دەبێت ژنەكەشی لێ بسەندرێتەوە".(سوسەیی، 2018)

بانگخواز (كامەران كەریم)یش دەڵێت: "ئەگەر ئازادیی باوەڕ هەبوایە، خودا لە قورئان، (سورة التحريم، اية: 9) بە پێغەمبەری نەدەفەرمو: "ئەی پەیامبەر! بە شیر لەگەڵ كافراندا بجەنگە و بەبەڵگەش لەگەڵ دوڕوەكاندا ئاخافتن بكە و توندوتیژبە لەسەریان، بەشكو شەوكەتیان بشكێ..."، هەروەها ئەم بانگخوازە جەختیش دەكاتەوە؛ ئایەتی (لا إكراه في الدين) واتای ئازادیی باوەڕ و ئاین نییە. (كەریم، 2018)

لە شوێنێكی تردا بانگخواز (هەڵۆ حەمە ڕەشید)، لە وتارێكیدا دەڵێت: "قسەی پێغەمبەرە "من بدل دينه فاقتلوه"، ئەمە فەرمودەیەكی (المتواتر)ە نەك (صحيح)یش". (ڕەشید، 2022)

هەر لەناو تۆڕە كۆمەڵایەتییەكاندا و لە ڕێگەی وتارەكانیانەوە چەندین پیاوی ئاینیی لەسەر ئەم پرسە قسەیان كردوە، لەوانە: بانگخواز (د. عبدالواحید)، (عبدالواحید، 2020)، (كاوە كوردی)، (كوردی، 2021)، هەمان ڕایان لەسەر حوكمی هەڵگەڕاوە لە ئاین و ئازادیی باوەڕ و ئاین هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا زانایانی دیاری بەناوبانگی جیهانی ئیسلامی وەك: (ابن تيمية)، كە بە "شیخ الاسلام" ناسراوە، لە كتێبی(مجموع الفتاوی)دا (الحراني، 1995، 193)، (بەهەشت،...) و زانا و موفتی ئاینی ئیسلام لە عێراق (عبدالكريمی مودەڕڕیس)یش، كە خاوەنی دەیان پەڕتوكە لە بارەی ئاینی ئیسلامەوە و خاوەنی تەفسیری كوردیی قورئانە بە ناوی (نامی)، لە پەرتوكی (شەریعەتی ئیسلام)دا جەخت لەوە دەكەنەوە، هەڵگەڕاوە لە ئیسلام، تەنانەت ئەگەر نوێژی نەكرد، جا لەبەرئەوەی تەمبەڵیی دەكات، یان لەبەرئەوەی بڕوای بە ئاینی ئیسلام نییە، حوكمەكەی لەملدان و كوشتنە. (مودەڕڕس، 2014، 151-152)

**مەسیحییەت:**

ئاینی مەسیحیی لە سەدەی یەكەمی زایینیی لە عێراق دا بڵاوبوەتەوە، بەشێك لە دانیشتوانی هەرێمی كوردستان لە یەكەمینەكان بون باوەڕیان بەم ئاینە هێناوە، ئەم ئاینە لە دەستوری عێراق و ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی كوردستانیشدا ئاماژەی بۆ كراوە و بە ڕەسمیی ناسێنراوە. (قادر، 2022، 325) هەروەك لەناو كورددا، (گاور)یشی پێدەگوترێت.

هەروەها بۆ دەرخستنی ئازادیی باوەڕ لە ئاینی مەسیحیدا، لە یەكەم ڕۆژی ساڵی 2011 (پاپا بینێدكت)ی شانزدەهەم، لە وتارێكی بە ناوی ڕۆژی ئاشتی: ئازادیی ئاین و ڕێگای ئاشتی، كە لە 15 خاڵ پێكهاتبو، لە بەشێكیاندا دەڵێت: (XVI, 2011)

أ. ئازادیی ئاین، گوزارشــتێکە تایبەتە بە مرۆڤ، ڕێگەمان پێدەدات ژیانی تاکەکەس و کۆمەڵایەتیی خۆمان ئاراســتەی خودا بکەین، بەم هۆیەوە هەمو ژن و پیاوێك بە بەخشـندەیی چاکەوە پابەندی نوێکردنەوەی جیهانێک دەکەم، کە هەمویان ئازادن لە ئاین و باوەڕیان.

ب. مافی ئازادیی ئاین، ڕەگی لە کەرامەتی هەر مرۆڤێکدا هەیە و نابێت سروشـتە بەرزەکەی پشـتگوێ بخرێت، خودا لە وێنە و هاوشێوەکانی خۆیدا ژن و پیاوی دروستکرد.

ت. ئازادیی ئاین، وەک هەمو ئازادییەک لە بواری تاکەکەســـییەوە بەردەوام دەبێت و لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەوانیتردا بەدیدێت.

ث. لە بەشێکی کۆتا خاڵدا دەڵێت: "ئاشتی دیاریی خودایە و لە هەمان کاتیشدا ئەرکێکە هەرگیز تەواونابێت".

**ئێزیدیی:**

محەمەدئەمین زەکی بەگ، لە بەرگی یەکەمی کتێبی خولاســەیەکی تاریخی کورد و کوردســتان، پەرژاوەتە ســەر ئەوەی باسی ئاینی ئێزیدی بکات و تیایدا هاتوە: "ســاحێبی تاریخی موســڵ ئەڵێ: ئەبێ ســەبەبی ناوی ئەم عەقیدەیە ئالیهەیەکی ئەم قەومی یەزیدییەبێ کە ناوی «یەزد» یان «یەزدان» بوە و مناســەبەتی ناوی یەزیدی، وەکو بەعزێ موئەللیفین ئیدیعایان کردوە لەگەڵ «یەزید ئیبنی سەلما» و «یەزید»ی خەلیفەی ئەمەوییە، لە عەقڵ و سەواب دورە، بە گوێرەی فیکری مێجەر ڕولینسۆن، ئەم شاری «یەزدم»ە ڕەنگە لە نزیک «حدیاب - موسڵ» بوبێ و ڕەنگە تائیفەی یەزیدیی لەم شارەوە بڵاو بوبنەوە".

ناوبراو لە کتێبەکەیدا دەشنوسێت: "ئەو بەشی کوردەی، لەم عەقیدەدان لە تەرەف حەلەب، وان و ئەرزڕۆمن، بەشی زۆریان لە وڵاتی موسڵدا و لە سنجار و قەزای شێخاندان و نزیکی 300 هەزار کەسن، ژندان و ژنهێنان لە ساحێبی مەزهەبەکانی تر لەلایان گوناهێکی گەورەیە و بە غەیری هاومەزهەبی خۆیان بە کەس ناڵێن (برا) و بە غەریب ئەڵێن (ساحێب)". (بەگ، ...)

باوەڕدارانی ئێزیدی تا ئێستا 73 جار دوچاری کۆمەڵکوژیی بونەتەوە، بە دەستور و یاسا دانیانپێدانراوە و خاوەنی بەڕێوەبەرایەتی خۆیانن لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینیی لە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان. (قادر، 2022، 326) دواجاریش لەلایەن گروپێکی چەکداریی بەناوی (داعش) لە ساڵی 2014 باوەڕدارانی ئەم ئاینە دوچاری جینۆساید هاتن و نزیکەی نیو ملیۆن ئێزیدیی عێراق لە ماوەی کەمتر لە دو هەفتەدا، ترسـیان لە کۆتایی هاتنی خۆیان و ئاینەکەشـیان لێ نیشـــت، ناچار ڕویان لە هەرێمی کوردســـتان کرد تا ڕزگاریان بێت لە دەســـت تاوانکارییەکانی ئەم گروپە. (nationalgeographic, 2014)

**باوەڕی بەهائی:**

بەهائی، ئاینێکی نوێیە و لە نیوەی دوەمی سـەدەی نۆزدە لە شـاری بەغداد سـەریهەڵداوە، لە سـاڵانی حەفتاکانی سـەدەی بیسـتەم، بەهائییەکان دوچاری ڕاوەدونان و دەربەدەریی بونەتەوە، لەدوای سـاڵی 2003 زۆربەیان شـارەکانی عێراقیان جێهێشتوە و ڕویان لە هەرێمی کوردستان کردوە، ئامارێکی دروست لەبەردەستدا نییە سەبارەت بە ڕێژەیان، لە هەرێمی کوردستاندا نوێنەرایەتییان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینییدا هەیە. (قادر، 2022، 327)

هەندێك کەس ئەم باوەڕە بۆ ئاینی ئیسلام دەگەڕێننەوە، سەرەڕای ئەوەی پەیڕەوانی ئاینەکە باوەڕیانوایە، ئاینەکەیان ئاینێکی ئاسمانیی و سەربەخۆیە و نوێنەری تایبەتی خۆی هەیە، ئەویش (بەهائوللا)یە، کە ساڵی 1817 لە تارانی پایتەختی وڵاتی ئێران لەدایکبوە و خاوەنی بیروباوەڕ و تێگەیشتنی تایبەتی خۆیەتی و تەواو لە ئیسلام و ئاینەکانی تر جیاوازە؛ لەگەڵ ئەوەیشدا بەشی زۆری بەهائییەکان لە ئێران دەژین، بەڵام لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ناتوانن کار و چاکییەکانیان ئەنجام بدەن و بە ئازادانە پەیڕەوی ئاین و بیروباوەڕی خۆیان بکەن، ئەمە لە وڵاتی میسریش هەروایە و بەردەوام لەلایەن موسوڵمانان و دەسەڵاتەوە ئازاردراون، لە وڵاتی عێراق و وڵاتانی تری عەرەبیش بە هەمانشێوە. (هەورامی، 2018، 144-145)

## سابیئە مەندائییەکان:

مەندائییەکان یەکێکن لەو تیرە ئارامیانەی لە ئاستی نەمان و لەناوچوندان، مشتومڕێکی زۆر لەناو توێژەراندا هێشتا بەردەوامە بۆ دیاریکردنی ڕەچەڵەکیان، هەندێکیان دەیگەڕێننەوە بۆ خەڵکی میزۆپۆتامیا، هەندێکیش بۆ وڵاتی بابل و خواروی میزۆپۆتامیای دەگەڕێننەوە. (هەرشەمی، 2004، 19)

"سابیئی، یەکێکە لە کۆمەڵی دێرینی وڵاتی نێوان دو ڕوبار، هۆزێکی کۆنی عێراق یە و خاوەن ئاینی تایبەت بە خۆیەتی، لە ئێستادا نزیکەی 5 بۆ 7 هەزار کەسن لە وڵاتی عێراق دا، بەشێکیان لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی نیشتەجێن". (قادر، 2022، 326)

هەرچەندە ڕای جیاوازتریش هەیە و پێیوایە؛ ئەم باوەڕە پاش هاتنی ئیسلام بۆ ئێران، بە شێوەیەکی گوشار بۆ سەر پەیڕەوانی کەمبۆتەوە، تەنانەت لە سەردەمی عەباسییەکاندا، سەرلەنوێ کوشتاریان دەستپێکردەوە، ناوەندی ئاینییان هەتا سەدەی دەیەمی زایینی خۆی ڕاگرت، دواتر ناوەندەکەیان بۆ سەمەرقەند گواستۆتەوە، بەڵام دوای ئەوە نازانرێت چییان لێ بەسەرهاتوە؟ (بەهار، 2015، 89)، لە ڕیزبەندیی باوەڕ و ئاین و ئاینزاکانیشدا بە پێنجەم باوەڕ ناویان هاتوە لە هەرێمی کوردستاندا. (ماڵپەڕی ڕەسمیی حکومەت، 2023)

## جو:

یەکەمین ئاینی ئاسمانیی یەکتاپەرستییە؛ تا کۆچی بە کۆمەڵی جوەکان بۆ ئیسرائیل لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم، نزیکەی 25 هەزار کەس لە پەیڕەوکارانی ئەم ئاینە لە نزیکەی 200 گوندی ناوچەکانی کوردستان دەژیان، جوەکانی کوردستان لە نەوەی جوەکانی ئیسرائیل و جودیی بون، لە لایەن شایەکانی ئاشوریی دەرکرابون. لەو سەردەمەدا پیادەی ڕێوڕەسمە ئاینییەکانی خۆیان کردوە و شوێنی پەرستن و چەندین ناوەندی ئاینیان هەبوە. (قادر، 2022، 328)

لە ڕاگەیەندراوێکی ڕەسمیی ڕەوتی نوێخوازی جوکان، لە بارەی ئازادیی باوەڕ یان ئاین، بە ناونیشانی (دیدی جو بۆ ئازادیی باوەڕ یان ئاین)دا هاتوە:[3] جوەکان لە مێژە پشتگیری جیابونەوەی کڵێسا و دەوڵەت دەکەن، وەک تەواوکەری پاراستنی ئازادیی ئاینیی بۆ هەموان و جوەکان ماوەیەکی زۆرە پێداگرن لەسەر ئەوەی دەسەڵات و کەنیسە لەیەك جیابکرێتەوە، وەکو بنەمایەك بۆ پارێزگاریکردن لە ئازادیی باوەڕ،، هەروەها ئەزمونێکی مێژوییە وایدەردەخات، خەڵکی جو لە ڕابردودا، بە دەست توندوتیژیی ئاینییەوە ئازاریان چەشتوە، کاتێك دەسەڵات لەلایەن ئاینێکی ترەوە بەڕێوەبراون، وەکو هاووڵاتی ئێمە یاسا زەمینیەکان پەسەند دەکەین و ڕێزیان لێدەگرین.

باوەشی ئەمەریکاش بۆ ئازادیی باوەڕ، میللەتێکی فرەباوەڕ و ئاینی جیای لە مێژودا بەرهەمهێناوە، سەرکەوتنی ئەم ئەزمونە لە ئازادیدا ناکرێت نکوڵی لێبکرێت، بەڵام ئایندەکەی هێشتا لە مەترسیدایە؛ ئەمە بیر و تێڕوانینیی ئەم ڕەوتەیە بۆ ئاینی جو و ناوەڕۆکی بیروباوەڕەکەی، بەڵام ئاینەکەیان بەسەر خۆیاندا داخراوە و بۆ کەس نییە ببێتە جو. (رزگار، 2021)

## زەردەشتیی:

مێژوی ئاینی زەردەشتیی، پێش دەرکەوتنی سێ ئاینە ئاسمانییەکانی (جو، مەسیحیی و ئیسلام)ـە، ئاینی کۆمەڵێ گەل و نەتەوە بوە، لەوانەش کورد. زەردەشتییەکان لە عێراق و کوردستاندا نیشتەجێن و دەرکەوتنی ئاشکرایان دوای چەندین سەدە لە بێدەنگیی، ساڵی 2015 بو لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ دامەزراندنی ئەنجومەن، زیندوکردنەوەی جەژنەکانیان، داواکردنی بونیادنانی پەرستگا بۆ پیادەکردنی ئاینەکەیان و دانپێدانانی ڕەسمیی بۆیان، بە تایبەت دوای بونی نوێنەری ڕەسمیی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینیی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئاینی زەردەشتیی وەك یەکێك لە باوەڕە ئاینییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، بە شێوەیەکی ڕەسمیی لە یاسای تایبەت بە پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە کوردستانی عێراق دانپێدانراوە. (قادر، 2022، 327)

لەبارەی ئازادیی باوەڕ و ئەو ماف و ئازادییانەی لەم ئاینەدا هەیە، هاتوە؛ کە زەردەشت، دامەزرێنەری ئاینیەکە، باوەڕی با ئازادیی هەبو، بە زەبری شمشێر بیروباوەڕی خۆی نەچەسپاندوە، هەوڵیدا ژیانێکی نوێ دروست بکات و ئاسودەیی لای ئەو پەیوەست بوە بە کاری چاکەوە؛ (عەبدوڵلا مبلغی ئابادانی) لە کتێبەکەیدا بەناوی (مێژوی ئاینی زەردەشتی) دەڵێت: "لە هیچ لاپەڕەیەکی پەرتوکی مێژودا، مرۆڤ ناتوانێت ئەو خاڵەی بەرچاوبکەوێت، کە مرۆڤ بە زۆر کرابێت بە زەردەشتیی، ئەمەش بەڵگەی میانڕەویی و مرۆڤدۆستیی و ڕۆحی ناتوندوتیژیی زەردەشتییە". (هەورامی، 2018، 83، 84)

## کاکەیی:

(یارسان) باوەڕێکی کۆنی کوردستانە و زۆربەی باوەڕدارانی کوردن، خاوەنی ڕێوڕەسم، جەژن و فەرهەنگی تایبەت بە خۆیانن. (قادر، 2022، 328) کاکەیی، ناوێکە بە زۆریی لە باشوری کوردستان بۆ کۆمەڵێکی ئاینیی بەکاردێت، کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە (یارسان) ناودەبرێن. جگە لە کاکەیی و یارسان، ناوەکانی: "ئەهلی حەق، عەلەوی و عەلی ئیلاهی"یشیان بۆ بەکاردەبرێت، ئەم کۆمەڵە ئاینییە لە کوردستاندا سەریانهەڵداوە و گەشەیانسەندوە، بەشێکن لە پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینیی کوردستان، هەروەها لە زۆر ناوچەی کوردستان بە شێوەی پەرشوبڵاو نیشتەجێن. (حسێن، 2017)

پێکهاتەی ناوەکەی لە وشەی (یار)ی کوردیی، کە مەبەست لێی هاوڕێ و خۆشەویستە و (سان)، کە مەبەست لێی سوڵتان یان شایە و بەپێی زاراوەی گۆرانیی کوردیی دەبێتە "شوێنکەوتوانی خودای ڕاستەقینە". (شفیق، 2018) وا خەمڵێنراوە نزیکەی سێ ملیۆن کەس لە ئێران لەسەر ئەو باوەڕەبن، زۆرینەی دانیشتوانی ڕۆژئاوای ئێرانن و لە ناوچە کوردییەکاندان، هەروەها نزیکەی 150 هەزار کەس لە عێراق دا هەن پەیڕەوی لەم باوەڕ و ئاینە دەکەن، دەستوری ئێران یارسانەکان بە کەمینەی ئاینی ئەو وڵاتە هەژمارناکات، بە پێچەوانەی پەیڕەوانی زەردەشتیی و مەسیحیی و جو، کە لە لایەن حکومەتی ئەو وڵاتەوە دەناسرێنەوە، حکومەت زۆر جار یارسانەکان بە "ڕەوتی سۆفیی" لە کۆمەڵی مسوڵمانی

شیعە دادەنێن، بەڵام هەندێک لە دامەزراوە ئاینییە شیعەکانی ئێران، یارسانیزم بە "لادان و دەرچون لە باوەڕ" دادەنێن. (bbcnews, 2019)

ئەم باوەڕە بەپێی یاسای ژمارە (5)ــی ساڵی 2015 تایبەت بە پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە کوردستانی عێراق، وەك ئاینێك لە هەرێمی کوردستان دانپێدانراوە. (قادر، 2022، 328)

## پاژی سێیەم: کردەنیینامەی توێژینەوەکە

ئەم پاژە، خستنەڕوی سەرجەم لایەنە کردەنییەکەی توێژینەوەکەیە، لەگەڵ شرۆڤەکردنی ئەنجامەکان، کە بەسەر گۆڕاوی سەربەخۆ (فەیسبوک) و گۆڕاوی شوێنکەوتو (ئازادیی باوەڕ)دا دابەشبون.

### تەوەری یەکەم: زانیارییە تایبەتەکان

ئەنجامەکان دەریدەخەن، بەرزترین ئاستی ڕەگەز بریتیە لە ڕەگەزی (نێر) و بەرزترین ئاستی ئاین بریتیە لە ئاینی (ئیسلام)، لە ئاستی دوەمیش (بێ ئاین) دێت، لەکاتێکدا دوای باوەڕی زۆرینە بە دوەم باوەڕ دێت لە هەرێمی کوردستان، بەڵام لە ڕەشنوسی دەستوری هەرێم و یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان، جێی بۆ نەکراوەتەوە و باس و پرسی مافەکانی نەهاتوە. هەروەها لە توێژینەوەی (قادر، 2022) بە ناونیشانی (ڕەوشی ئازادیی باوەڕ لە کۆمەڵگای کوردیدا) هاتوە: "بێ باوەڕان ئازادیی پێویستیان نییە بۆ ئاشکرا کردنی بێ باوەڕییان، تەنانەت بۆ هەندێك لە باوەڕە دانپێدانراوەکانیش جۆرێك لە شاراوەیی هەیە".

هەروەها لە (پیشە)شدا، (فەرمانبەری کەرتی حکومیی –گشتیی) بە یەکەم پلە دادەنرێت، پیشەی (خوێندکار)یش دواپلەی گرتوە. لە (تەمەن)یشدا، بەرزترین ئاست بریتییە لە تەمەنی نێوان (36 – 40) ساڵ، نزمترینیش بریتییە لە تەمەنی (16 – 20). هەروەک بەرزترین ئاستی بڕوانامە بریتییە لە (بەکالۆریۆس)، لەکاتێکدا سێیەم ئاستیش (دبلۆم)ە. وەکچۆن لە شوێنی نیشتەجێبوندا (شار) یەکەم پلەی ڕیزبەندییەکەی گرتوە و نزمترین ئاستیش (گوند)ە. بڕوانە خشتەی (١).

**خشتەی (1): زانیارییە تایبەتەکانی بەرتوێژان ڕوندەکاتەوە**

| زانیاریی تایبەت | | (%) | پلەبەندی | زانیاریی تایبەت | | (%) | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 576 (82.1) | 1 | تەمەن (بە ساڵ) | 20 – 16 | 14 (2.0) | 5 |
| | مێ | 126 (17.9) | 2 | | 25 – 21 | 102 (14.5) | 4 |
| ئاین | ئیسلام | 489 (69.7) | 1 | | 30 – 26 | 116 (16.5) | 3 |
| | مەسیحی | 6 (0.9) | 3 | | 35 – 31 | 152 (21.7) | 2 |
| | جو (یەهودیی) | 0 (0.0) | 6 | | 40 – 36 | 318 (45.3) | 1 |
| | ئێزدیی | 2 (0.3) | 5 | بڕوانامە | سەرەتایی | 0 (0.0) | 7 |

| | زانیاریی تایبەت | (%) | پلەبەندیی | | زانیاریی تایبەت | (%) | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کاکەیی | 4 (0.6) | 4 | | ناوەندیی | 0 (0.0) | 7 |
| | زەردەشتیی | 2 (0.3) | 5 | | بنەڕەتی | 33 (4.7) | 7 |
| | بەهائیی | 2 (0.3) | 5 | | ئامادەیی | 148 (21.1) | 2 |
| | مەندائیی | 0 (0.0) | 6 | | دبلۆم | 142 (20.2) | 3 |
| | بێ ئاین | 197 (28.1) | 2 | | بەکالۆریۆس | 308 (43.9) | 1 |
| | خوێندکار | 52 (7.4) | 5 | | دبلۆمی باڵا | 15 (2.1) | 5 |
| | بێکار | 90 (12.8) | 4 | | دکتۆرا | 14 (2.0) | 6 |
| **پیشە** | کاسبکار | 163 (23.2) | 2 | شوێنی نیشتەجێبون | گوند (دێ) | 37 (5.3) | 4 |
| | فەرمانبەری کەرتی تایبەت | 110 (15.7) | 3 | | ناحیە (شارەدێ) | 63 (9.0) | 3 |
| | فەرمانبەری کەرتی حکومیی (گشتیی) | 287 (40.9) | 1 | | قەزا (شارۆچکە) | 267 (38.0) | 2 |
| | 702 (100.0) | **کۆی گشتی** | (100.0) 702 | | شار (ناوەندی پارێزگا) | 335 (47.7) | 1 |
| **کۆی گشتی** | | 702 (100.0) | | **کۆی گشتی** | | 702 (100.0) | |

## تەوەری دووەم: پەیوەندیی بەرتوێژ بە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوکەوە

ئەنجامەکانی ڕاپێویەکە ڕونیدەکەنەوە؛ بەرتوێژان کام خزمەتگوزاریی فەیسبوك زیاتر بەکار دەهێنن، تیایدا بەرزترین ڕێژەی بریتیە لە (بەدڵبون (Like))، کە ڕەنگە بۆ ئاسانی لە بەکارهێنانی ئەم خزمەتگوزارییە بگەڕێتەوە بۆ وەڵامدانەوە، یان دەرخستنی ڕا و پەرچەکرداریان بۆ بابەتەکان. نزمترین ڕێژەیش (نیشانەکردن (Tags)) بوە.

هەروەها ئەنجامەکان ئەوەش نیشاندەدەن، بەرتوێژان زیاتر فەیسبوك بۆ چ مەبەستێك بەکاردەهێنن، دەرکەوتوە: بەپلەی یەکەم فەیسبوك بۆ مەبەستی (بەئاگابون لە هەواڵ و ڕوداوەکان) بەکار دەهێنن و نزمترین ئاستیش بۆ بژاردەکانی ڕاپێویەکە دانانی ڤیدیۆ بوە. کە ئەمەش بۆ بارودۆخی سەکۆیەکی وەك فەیسبوك بەم جۆرەیە و دەکرێت بۆ سەکۆیەکی تری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێچەوانە یان جیاواز بێت، هەروەها دەکرێت لەگەڵ پێشکەوتنەکانی بواری تەکنۆلۆژیا ئەم زانیارییەش گۆڕانی بەسەردابێت.

ئەنجامەکانی ڕاپێویەکە ئەوەش دەخەنەڕو، زۆرترین ئەو (ئەکاونت/ (پەیج)/ گروپانە)ی بەرتوێژان سەردانیان دەکەن، لە چ بوارێکدان؟ دەرکەوتوە ڕێژەی زۆرینە بۆ بەدەستهێنانی (زانیاریی گشتیی) و نزمترین ئاستیش (کەسێتییە گشتییەکان) بون. بڕوانە خشتەی (2).

**خشتەی (2): پەیوەندیی بەرتوێژ بە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوکەوە ڕوندەکاتەوە**

| کام خزمەتگوزاریی فەیسبوك زیاتر بەکار دەهێنیت | دوبارە بونەوەکان | % | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| پۆستکردن (Post) | 263 | 11.90 | 4 |

| کام خزمەتگوزاریی فەیسبوك زیاتر بەکار دەهێنیت | دوبارە بونەوەکان | % | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەشداری لە گروپ (Groups) | 154 | 6.97 | 7 |
| پەڕە (Pages) | 187 | 8.46 | 6 |
| گفتوگۆ (Messages) | 367 | 16.61 | 2 |
| ڤیدیۆی ڕاستەوخۆ (Facebook Live) | 54 | 2.44 | 11 |
| سەرنج (Comments) | 276 | 12.49 | 3 |
| بەدڵبون (Like) | 383 | 17.33 | 1 |
| نیشانەکردن (Tags) | 48 | 2.17 | 12 |
| ڤیدیۆ (Video) | 199 | 9.00 | 5 |
| ئاماژەپێکردن (Mention) | 79 | 3.57 | 10 |
| بەشکردن (Share) | 84 | 3.80 | 9 |
| چیرۆک (Story) | 116 | 5.25 | 8 |
| کۆی گشتی | 2210 | 100 | |
| زیاتر فەیسبوك بۆ چ مەبەستێك بەکاردەهێنیت | دوبارە بونەوەکان | % | ریزبەندی |
| ئاڵوگۆڕی زانیاریی | 358 | 18.50 | 2 |
| بەئاگابون لە هەواڵ و ڕوداوەکان | 470 | 24.29 | 1 |
| پەیوەندییکردن | 268 | 13.85 | 3 |
| کاتبەسەربردن | 242 | 12.51 | 4 |
| بیروڕادەربڕین | 186 | 9.61 | 6 |
| وێنەدانان | 61 | 3.15 | 7 |
| ڤیدیۆدانان | 39 | 2.02 | 8 |
| بە ئاگابون لە چالاکی هاوڕییان | 187 | 9.66 | 5 |
| هەمویان | 124 | 6.41 | 7 |
| کۆی گشتی | 1935 | 100.0 | |
| زۆرترین ئەو (ئەکاونت/ (پەیج)/ گروپانە)ی سەردانیان دەکەیت، لە چ بوارێکدان | دوبارە بونەوەکان | % | ریزبەندی |
| وەرزشیی | 271 | 12.96 | 4 |
| ئاینیی | 292 | 13.81 | 3 |
| زانستیی | 354 | 16.93 | 2 |
| زانیاریی گشتیی | 510 | 24.39 | 1 |
| ئەدەبیی | 244 | 11.67 | 5 |
| هونەریی | 244 | 11.67 | 5 |
| کەسێتییە گشتییەکان | 176 | 8.42 | 6 |
| کۆی گشتی | 2091 | 100 | |

## تەوەری سێیەم:

### ١- کاریگەریی فەیسبوك لەسەر ئازادیی باوەڕ لای گەنجانی هەرێمی کوردستان:

ئەنجامەکان دەریدەخەن، لەبارەی (کاریگەریی فەیسبوك لەسەر ئازادیی باوەڕ لای گەنجانی هەرێمی کوردستان) بۆ هەرسێ ئاستی (هەست و سۆز و ویژدان، مەعریفیی و ڕەفتارە)ەوە دەردەکەوێت، وەڵامدانەوەی (هاوڕانیم) بەرزترین ئاستی تۆمار کردوە، ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر هاوڕام) نزمترین ئاستی هەیە، بەڵام بەسەرنجدان لە کۆی گشتیی بۆ نێوەندی ژمێرەیی و گرنگیی ڕێژەییەکەی و لادانی پێوانەیی، بە گوێرەی (پێوەری پێنجیی لیکەرد) ئەنجامەکەی دەکاتە وەڵامدانەوەی (دڵنیا نیم).

بە سەرنجدان لە وەڵامی بەرتوێژان لە ڕوی هەست و سۆز و ویژدانەوە، لەلایەن توێژەرانەوە دەردەکەوێت زۆرینە ڕایانوایە، لە فەیسبوکدا، وتار و پۆستی بانگخوازانی ئاینەکان کاریگەریان لە بارەی ئازادیی باوەڕ و ئاینەوە باش نییە، هەروەك لە دەرەنجامی توێژینەوەی (الربیعی، 2019) بەناونیشانی (ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە دروستکردنی گوتاری ڕکوکینە) هاتوە، کە "فەیبسوك زۆرترین ڕۆڵی هەبوە لە دروستکردنی گوتاری ڕکوکینە لەسەر ئاستی سوك و مامناوەند"، هەروەها لە دەرەنجامێکی تریدا توێژەر ئاماژە بۆ ئەوەدەکات، "تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریان هەبوە لەسەر دەرکەوتنی بەها نەرێنییەکان و گوتاری ڕکوکینە لە کۆمەڵ دا". هەروەها لە توێژینەوەی (الفقهاء، 2016) بەناونیشانی (ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە برەودان بە هزری توندڕۆیی لە ڕوانگەی قوتابیانی زانکۆکانی ئەردەن) دەرکەوتوە، کە "برەودان بە هزری توندڕەوی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لە ئاستێکی مامناوەند دایە".

زۆرینەی خەڵکی هەرێمی کوردستان لەسەر باوەڕ و ئاینیی ئیسلامن و بەپێی وەڵامی بەرتوێژانیش زۆرینەن، لەکاتێکدا بۆ هەرێمی کوردستانیش زۆرینەی بانگخوازان لەسەر ئەم باوەڕ و ئاینەن و لە فەیسبوکدا بانگەشە بۆ باوەڕەکەیان دەکەن، لە ڕوی (مەعریفیی)ەوە بەپێی وەڵامی بەرتوێژان، زۆرینەیان لە ڕێگای فەیسبوکەوە تێنەگەیشتون لە مانای ئازادیی باوەڕ و ئاین، لەگەڵ ئەوەشدا بەرتوێژان هیچ هاوڕانین لەسەر ئەوەی، لە پۆست و کۆمێنت و لایك و ڕاگۆڕینەوەکانی ناو فەیسبوکدا پەیڕەوکارانی ئاینی ئیسلام ڕێز لە ئازادیی باوەڕ و ئاین بگرن.

لە دەرەنجامی توێژینەوەی (قادر، 2022) هاتوە، "جۆرێك لە ڕێگری هەیە لەبەردەم ئازادیی باوەڕ لە هەرێمی کوردستاندا و بارودۆخی یاسایی و کۆمەڵایەتی زیاتر پاڵپشتی ئیسلامی زۆرینە دەکات".

هەروەها لە ڕوی ڕەفتاریشەوە، بەرتوێژان بە ڕێژەی 20.51% بەهۆی دەرخستنی باوەڕ یان ئاینەوە، لە فەیسبوکدا دوچاری ناوزڕاندن و سوکایەتیی و هەڕەشە و توندوتیژی بونەتەوە، هەروەك لە دەرەنجامەکانی توێژینەوەی (موراد و ئەوانی تر، 2019) بە ناونیشانی (ڕیپۆرتکردن" وەک ئامرازێک بۆ کپکردنی ڕای جیاواز لەبارەی دینی ئیسلامەوە: پەیج و ئەکاونتە ڕیپۆرتکراوەکانی "فەیسبوك" بە نمونە) هاتوە، "بەشێوەیەکی گشتی ئەو پەیج و ئەکاونتانەی بیر و بۆچونی جیاواز سەبارەت بە دینی ئیسلام دەخەنە ڕو، بەردەوام لەژێر مەترسی و هەڕەشەی ڕیپۆرت کردندان". هەروەها لە دەرەنجامی توێژینەوەی (خدر، 2021) کە بە ناونیشانی (کاریگەری فلتەرکردن لە میدیای کۆمەڵایەتی فەیسبوك لەسەر بەکارهێنەران لە هەرێمی کوردستان) تێیدا هاتوە، "بەکارهێنانی فەیسبوك بوەتە هۆکاری ناوزڕاندن لە هەرێمی کوردستان". بڕوانە خشتەی (3).

**خشتەی (3): کاریگەریی فەیسبوك لەسەر ئازادیی باوەڕ لای گەنجانی هەرێمی کوردستان ڕوندەکاتەوە**

| ئەنجام | گرنگیی ڕێژەیی | لادانی پێوانەیی | نێوەندە ژمێرەیی | زۆر هاوڕام | هاوڕام | دڵنیا نیم | هاوڕانیم | هیچ هاوڕا نیم | برگە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | د | د | د | د | د | |
| Results | RI | S.D | Mean | % | % | % | % | % | |
| لە ڕوی هەست و سۆز و ویژدانەوە | | | | | | | | | |
| هاوڕانیم | 50.63 | 1.38 | 2.53 | 63 | 163 | 90 | 154 | 232 | لە فەیسبوکدا، وتار و پۆستی بانگخوازانی ئاینەکان کاریگەرییان لەسەرم لە بارەی ئازادیی باوەڕ و ئاینەوە باشە (ئەرێنییە) |
| | | | | 8.97 | 23.22 | 12.82 | 21.94 | 33.05 | |
| هاوڕانیم | 47.58 | 1.31 | 2.38 | 62 | 117 | 61 | 247 | 215 | لە فەیسبوک، کات بۆ بابەتەکانی تەنیا ئاینەکەی خۆم تەرخان دەکەم |
| | | | | 8.83 | 16.67 | 8.69 | 35.19 | 30.63 | |
| لە ڕوی (مەعریفیی)ەوە | | | | | | | | | |
| دڵنیا نیم | 56.04 | 1.27 | 2.80 | 52 | 216 | 112 | 185 | 137 | لە فەیسبوک، کات بۆ بابەتەکانی ئاین و باوەڕە جیاوازەکان تەرخان دەکەم |
| | | | | 7.41 | 30.77 | 15.95 | 26.35 | 19.52 | |
| هاوڕانیم | 50.43 | 1.27 | 2.52 | 62 | 127 | 91 | 257 | 165 | ڕەوشی ئازادیی باوەڕ لە فەیسبوکدا، هەمان ئەو ڕەوشەیە، کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە |
| | | | | 8.83 | 18.09 | 12.96 | 36.61 | 23.50 | |
| هاوڕانیم | 49.06 | 1.24 | 2.45 | 50 | 135 | 69 | 277 | 171 | لە ڕێگای فەیسبوکەوە لە مانای ئازادیی باوەڕ و ئاین تێگەیشتم |
| | | | | 7.12 | 19.23 | 9.83 | 39.46 | 24.36 | |
| هاوڕانیم | 46.67 | 1.33 | 2.33 | 55 | 131 | 57 | 209 | 250 | بەو پێیەی لە ئاماری حکومەتی هەرێم ئاماژەی بۆ دەکرێت، 95% خەڵکی هەرێمی کوردستان موسوڵمانن، لە پۆست و کۆمێنت و لایك و ڕاگۆڕینەوەکانی ناو فەیسبوکدا هەست بەوە دەکەم، کە پەیڕەوکارانی ئاینی ئیسلام ڕێز لە ئازادی باوەڕ و ئاین دەگرن |
| | | | | 7.83 | 18.66 | 8.12 | 29.77 | 35.61 | |
| هاوڕانیم | 48.83 | 1.16 | 2.44 | 35 | 130 | 98 | 286 | 153 | قبوڵکردنی ئازادیی باوەڕ و ئاین لە فەیسبوکدا ڕەنگیداوەتەوە |
| | | | | 4.99 | 18.52 | 13.96 | 40.74 | 21.79 | |
| لە ڕوی ڕەفتارەوە | | | | | | | | | |
| دڵنیا نیم | 66.64 | 1.34 | 3.33 | 162 | 220 | 86 | 157 | 77 | بە ئاشکرایی، باوەڕ یان ئاینەکەم لە فەیسبوك دەرخستوە |
| | | | | 23.08 | 31.34 | 12.25 | 22.36 | 10.97 | |
| دڵنیا نیم | 55.70 | 1.46 | 2.78 | 124 | 145 | 57 | 208 | 168 | ئەگەر بمەوێت، ڕاشکاوانە و بە ئاشکرا لەبارەی ئازادی ئاین و باوەڕەوە لە فەیسبوك ڕای خۆم دەربڕم، پێویستم |
| | | | | 17.66 | 20.66 | 8.12 | 29.63 | 23.93 | |

| برگە | هیچ هاوڕا نیم | هاوڕانیم | دڵنیا نیم | هاوڕام | زۆر هاوڕام | نێوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوانەی | گرنگیی ڕێژەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | د | د | د | د | | | | |
| | % | % | % | % | % | Mean | S.D | RI | Results |
| به هەژمار (ئەکاونت)ێکی تره بەناوێکی خوازراوەوە | | | | | | | | | |
| فەیسبوک، کاریگەریی لەسەرم هەبوە بۆ قبوڵکردنی ئازادیی باوەڕ و یەکتر قبوڵکردن | 92 | 130 | 116 | 262 | 102 | 3.22 | 1.27 | 64.33 | دڵنیا نیم |
| | 13.11 | 18.52 | 16.52 | 37.32 | 14.53 | | | | |
| بەهۆی دەرخستنی باوەڕ یان ئاینەوە، لە فەیسبوکدا دوچاری ناوزڕاندن و سوکایەتیی و هەڕەشە و توندوتیژی بومەتەوە | 182 | 205 | 88 | 144 | 83 | 2.63 | 1.37 | 52.62 | دڵنیا نیم |
| | 25.93 | 29.20 | 12.54 | 20.51 | 11.82 | | | | |
| فەیسبوک هۆکاربوە بۆ گۆڕینی بیرکردنەوەم لەبارەی ئاینەکەم و گۆڕینی باوەڕەکەم | 209 | 249 | 84 | 111 | 49 | 2.35 | 1.25 | 46.95 | هاوڕانیم |
| | 29.77 | 35.47 | 11.97 | 15.81 | 6.98 | | | | |
| **کۆی گشتیی** | 2051 | 2564 | 1009 | 1901 | 899 | 2.65 | 1.31 | 52.96 | دڵنیا نیم |
| | 24.35 | 30.44 | 11.98 | 22.57 | 10.67 | | | | |

پێوەری لیکەرد بۆ (٥) بژاردەیی (1.0-1.79) هیچ هاوڕا نیم. (1.80-2.59) هاوڕا نیم. (2.60-3.39) دڵنیا نیم.(3.40-4.19) هاوڕام. (4.20-5.0) زۆر هاوڕام

## ٢- ئازادیی باوەڕ لای گەنجانی هەرێمی کوردستان:

لە ئەنجامەکانەوە ڕوندەبێتەوە؛ بەرتوێژان بەپلەی یەکەم (هاوڕان) لەسەر ئەوەی؛ "ڕێز لە هەر خاوەن باوەڕ و ئاینێك دەگرم، کە بۆنە و دەقی ئاین و باوەڕەکەی لە فەیسبوکدا بڵاودەکاتەوە."، (زۆر هاوڕام) بە پلەی دوەم و (هاوڕانیم) دوا پلەی بەدەستهێناوە، هەروەها ئەنجامی وەڵامی بەرتوێژان بۆ "ململانێ لە نێوان باوەڕ و ئاینە جیاوازەکان لە فەیسبوک، بەکارێکی باش نازانم"، بۆ هەر پێنج بژاردەکە هەرچەند زۆرترین بەرتوێژ (زۆر هاوڕام)ی هەڵبژاردوە و بە پلەی یەکەمی هەڵبژاردنەکان دێت، بەڵام بەسەرنجدان لە کۆی گشتیی بۆ نێوەندی ژمێرەیی و گرنگیی ڕێژەکەی و لادانی پێوانەیی، بە گوێرەی (پێوەری پێنجیی لیکەرد) ئەنجامەکەی دەکاتە وەڵامدانەوەی (هاوڕام). هاوکات ئەنجامەکان ڕونیدەکەنەوە؛ بەرتوێژان (هاوڕان) لەسەر ئەوەی؛ "هاوسۆزی هەر کەسێکم، کە لەبارەی پرسی گۆڕینی باوەڕ و ئاینەوە، لە فەیسبوك، ڕوبەڕوی دەبنەوە؛ یان لام ئاساییە هەرکەسێك لە فەیسبوك چۆن بیەوێت گوزارشت لە باوەڕ و ئاینەکەی خۆی بکات، یان پۆستکردن لە فەیسبوك سەبارەت بە گۆڕینی ئاین و باوەڕ، بابەتێکی کەسییە و پەیوەندیی بە هیچ کەس و ئاین و باوەڕێکی دیکەوە نییە."، بەرتوێژان زۆرینەیان بە (هاوڕام) وەڵامیان داوەتەوە، هەروەك لە دەرەنجامەکانی توێژینەوەی (قادر، 2022) هاتوە، "بەرتوێژان کۆکن لەسەر ئەوەی پرسی گۆڕینی ئاین و باوەڕ، پرسێکی خودی و ئازادییەکی کەسییە".

هەروەها ئەنجامەکان نیشانیدەدەن؛ ئەو بەرتوێژانەی (دڵنیانین) لەوەی؛ "هاوسەرگیریی لەنێوان باوەڕدارانی ئاینە جیاوازەکان ڕێگریی و مەرجی دیاریکراوی خۆی هەیە، ئەمەش پێچەوانەی ئازادیی باوەڕ و ئاینە، یان بە بینینی بڵاوکراوەیەك لە فەیسبوك، كە دژی بنەمای ئاین یان باوەڕەکەم بێت هەڵوێستم دەبێت."، بە پلەی یەکەم دێن.

لە ئەنجامەکانەوە ئەوەش ڕوندەبێتەوە؛ ئەو بەرتوێژانەی (هاوڕانین) لەگەڵ ئەوەی؛ "وەك گەنجێك کاردانەوەم دەبێت بەرامبەر کەسێك ئاینی گۆڕیبێت، یان وازی لێ هێنابێت و لە فەیسبوك بڵاوکرابێتەوە."، لە پلەی یەکەم دێن، هەروەها بۆ کۆی گشتیی وەڵام و هەڵبژاردنەکانی بەرتوێژان (هاوڕام) بەپلەی یەکەم دێت و (زۆرهاوڕام) لە پلەی دوەم و نزمترین ئاستیش (دڵنیانیم) هاتوە. بەسەرنجدان لە کۆی گشتیی بۆ نێوەندی ژمێرەیی و گرنگیی ڕێژەییەکەی و لادانی پێوانەیی، بە گوێرەی (پێوەری پێنجیی لیکەرت)، ئەنجامەکەی دەکاتە وەڵامدانەوەی (هاوڕام). بڕوانە خشتەی (4).

**خشتەی (4): ئازادیی باوەڕ لای گەنجانی هەرێمی کوردستان ڕوندەکاتەوە**

| برگە | هیچ هاوڕا نیم | هاوڕانیم | دڵنیا نیم | هاوڕام | زۆر هاوڕام | نێوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوانەی | گرنگیی ڕێژەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | د | د | د | د | Mean | S.D | RI | Results |
| | % | % | % | % | % | | | | |
| ڕێز لە هەر خاوەن باوەڕ و ئاینێك دەگرم، كە بۆنە و دەقی ئاین و باوەڕەکەی لە فەیسبوکدا بڵاودەکاتەوە | 44 | 35 | 46 | 332 | 245 | 4.00 | 1.09 | 79.91 | هاوڕام |
| | 6.27 | 4.99 | 6.55 | 47.29 | 34.90 | | | | |
| ململانێ لە نێوان باوەڕ و ئاینە جیاوازەکان لە فەیسبوك، بە کارێکی باش نازانم | 66 | 84 | 41 | 171 | 340 | 3.90 | 1.36 | 78.09 | هاوڕام |
| | 9.40 | 11.97 | 5.84 | 24.36 | 48.43 | | | | |
| هاوسۆزی هەر کەسێکم، کە لەبارەی پرسی گۆڕینی باوەڕ و ئاینەوە، لە فەیسبوك، ڕووبەڕوی دەبنەوە | 73 | 116 | 132 | 209 | 172 | 3.41 | 1.30 | 68.29 | هاوڕام |
| | 10.40 | 16.52 | 18.80 | 29.77 | 24.50 | | | | |
| لام ئاساییە، هەرکەسێك لە فەیسبوك چۆن بیەوێت گوزارشت لە باوەڕ و ئاینەکەی خۆی بکات | 34 | 90 | 48 | 317 | 213 | 3.83 | 1.14 | 76.67 | هاوڕام |
| | 4.84 | 12.82 | 6.84 | 45.16 | 30.34 | | | | |
| پۆستکردن لە فەیسبوك سەبارەت بە گۆڕینی ئاین و باوەڕ، بابەتێکی کەسییە و پەیوەندیی بە هیچ کەس و ئاین و باوەڕێکی دیکەوە نییە | 37 | 70 | 40 | 264 | 291 | 4.00 | 1.16 | 80.00 | هاوڕام |
| | 5.27 | 9.97 | 5.70 | 37.61 | 41.45 | | | | |
| هاوسەرگیریی لەنێوان باوەڕدارانی ئاینە جیاوازەکان ڕێگریی و مەرجی دیاریکراوی خۆی هەیە، ئەمەش پێچەوانەی ئازادیی باوەڕ و ئاینە | 67 | 147 | 159 | 231 | 98 | 3.21 | 1.20 | 64.16 | دڵنیا نیم |
| | 9.54 | 20.94 | 22.65 | 32.91 | 13.96 | | | | |
| وەك گەنجێك کاردانەوەم دەبێت بەرامبەر کەسێك ئاینی گۆڕیبێت، یان | 244 | 288 | 83 | 58 | 29 | 2.06 | 1.08 | 41.20 | هاوڕانیم |
| | 34.76 | 41.03 | 11.82 | 8.26 | 4.13 | | | | |

| برگە | هیچ هاوڕا نیم | هاوڕانیم | دڵنیا نیم | هاوڕام | زۆر هاوڕام | نێوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | گرنگیی ڕێژەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | د | د | د | د | | | | |
| | % | % | % | % | % | Mean | S.D | RI | Results |
| وازی لێ هێنابێت و لە فەیسبوك بڵاوکرابێتەوە | | | | | | | | | |
| بەبینینی بڵاوکراوەیەك لە فەیسبوك، کە دژی بنەمای ئاین یان باوەڕەکەم بێت هەڵوێستم دەبێت | 152 | 188 | 87 | 160 | 115 | 2.85 | 1.41 | 57.09 | دڵنیا نیم |
| | 21.65 | 26.78 | 12.39 | 22.79 | 16.38 | | | | |
| **کۆی گشتی** | 717 | 1018 | 636 | 1742 | 1503 | 3.41 | 1.22 | 68.18 | هاوڕام |
| | 12.77 | 18.13 | 11.32 | 31.02 | 26.76 | | | | |

پێوەری لیکەرد بۆ (٥) بژاردەیی (1.0-1.79)هیچ هاوڕا نیم. (1.80-2.59) هاوڕا نیم. (2.60-3.39) دڵنیا نیم.(3.40-4.19) هاوڕام. (4.20-5.0) زۆر هاوڕام

## تەوەری چوارەم: پەیوەندیی نێوان کاریگەریی فەیسبوك و ئازادیی باوەڕ لای گەنجانی هەرێمی کوردستان

**<u>گریمانەی یەکەم: پەیوەندیی نێوان کاریگەریی فەیسبوك و ئازادیی باوەڕ لای گەنجانی هەرێمی کوردستان</u>**

ئەنجامەکانی ڕاپێوییەکە ڕونیدەکەنەوە؛ پەیوەندییەکی ئاماریی بەڵگەدار لە نێوان (کاریگەریی فەیسبوك و ئازادیی باوەڕ لای گەنجانی هەرێمی کوردستان) هەیە، (لە ڕوی مەعریفییەوە)، بە پلەی یەکەم، (لە ڕوی هەست و سۆز و ویژدانەوە)، دوای ئەو دێت و لە پلەی کۆتاییشدا (لە ڕوی ڕەفتارەوە) دێت، بە تێکڕایش بەهاکەی دەکاتە (0.622)، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت؛ پەیوەندییەکی ئاماریی ڕاستەوانەی بەهێز لە نێوان (کاریگەریی فەیسبوك و ئازادیی باوەڕ لای گەنجانی هەرێمی کوردستان) لەسەر هەرسێ ئاستەکە هەیە، هەروەها پەیوەندییەکی بەڵگەدارە لەبەرئەوەی (ئاستی بەڵگەداریی P-value) بچوکترە لە بەهای (0.05)، کەواتە قبوڵی گریمانەی (H_1) دەکەین و گریمانەی (H_0) ڕەتدەکەینەوە. بڕوانە خشتەی (5).

**خشتەی (5): پەیوەندیی نێوان کاریگەریی فەیسبوك و ئازادیی باوەڕ لای گەنجانی هەرێمی کوردستان ڕوندەکاتەوە**

| | گۆڕاوەکان | ئازادیی باوەڕ: پەیوەندیی (الآرتباط) | ئازادیی باوەڕ: ئاستی بەڵگەداریی (الدالة الآحصائية) (P-value) | |
|---|---|---|---|---|
| 1 | لە ڕوی هەست و سۆز و ویژدانەوە | 0.445 | 0.000 | 0.05 > |
| 2 | لە ڕوی مەعریفییەوە | 0.589 | 0.000 | 0.05 > |
| 3 | لە ڕوی ڕەفتارەوە | 0.428 | 0.000 | 0.05 > |
| گشتی | کاریگەریی فەیسبوك | 0.622 | 0000 | 0.05 > |

**$H_0$ : پەیوەندیی ئاماژەیی ئاماریی نیە لە نێوان کاریگەریی فەیسبوك و ئازادیی باوەڕ لای گەنجانی هەرێمی کوردستان**

**$H_1$ : پەیوەندیی ئاماژەیی ئاماریی هەیە لە نێوان کاریگەریی فەیسبوک و ئازادیی باوەڕ لای گەنجانی هەرێمی کوردستان**

**بەهای پەیوەندیی گۆڕاوەکان** (قیمة معامل الأرتباط)

| بەهای پەیوەندیی | ئەنجامی پەیوەندیی | بەهای پەیوەندیی | ئەنجامی پەیوەندیی |
|---|---|---|---|
| 0.1 بۆ 0.49 | پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی لاوازە | -0.1 بۆ -0.49 | پەیوەندییەکی پێچەوانەی لاوازە |
| 0.5 بۆ 1.0 | پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی بەهێزە | -0.5 بۆ -1.0 | پەیوەندییەکی پێچەوانەی بەهێزە |

### ٢- کاریگەریی فەیسبوک لەسەر ئازادیی باوەڕ لای گەنجانی هەرێمی کوردستان

**<u>گریمانەی دووەم:</u> کاریگەریی فەیسبوک لەسەر ئازادیی باوەڕ لای گەنجانی هەرێمی کوردستان**

لە ئەنجامەکانەوە ڕونبۆتەوە؛ کاریگەریی فەیسبوک لەسەر ئازادیی باوەڕ لای گەنجانی هەرێمی کوردستان، لە ڕێگەی نمونەی (Regression Model)، بە گوێرەی بەهای تاقیکردنەوەی ف (ANOVA Table -F-Test): ڕونیدەکاتەوە، ئەم داتایە گونجاوە بۆ نمونەی (Regression Model)، چونکە ئاستی بەڵگەداریی (Sig.) بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداریی (مستوى المعنوي) (0.05).

هەر بە گوێرەی ئەنجامی ڕاپێویەکە دەردەکەوێت، بە گوێرەی (تاقیکردنەوەی ت) بۆ (ئاستی فەیسبوک) دەکاتە (21.02)، هەروەها بەهای ئاستی بەڵگەداریی (0.000) دەردەکەوێت؛ (ئاستی فەیسبوک) کاریگەریان لەسەر (ئازادیی باوەڕ) هەیە، لەبەرئەوەی ئاستی بەڵگەداریی (Sig.) بچوکترە لە (0.05)، کەواتە قبوڵی گریمانەی (H_1) دەکەین و گریمانەی (H_0) ڕەتدەکەینەوە.

هەروەها لە ئەنجامەکانەوە دەردەکەوێت؛ بە گوێرەی بەهای (معامل التحدیدR2-)، کە دەکاتە (0.387)، بە واتایەکی تر؛ ئاستی فەیسبوک بە ڕێژەی (38.7%) کاریگەریان لە سەر لەسەر ئازادیی باوەڕ هەیە و ڕەنگ دەداتەوە. بڕوانە خشتەی (6).

**خشتەی (6): کاریگەریی فەیسبوک لەسەر ئازادیی باوەڕ لای گەنجانی هەرێمی کوردستان ڕوندەکاتەوە**

| نمونە نموذج Model | المعلمات B | تاقیکردنەوەی ت | ئاستی بەڵگەداریی | معامل التحدید | ANOVA Table (F-test) | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | (اختبار T) T-test | (الدلالە) Sig. | $R^2$ | درجة الحریة D.F | بەهای تاقیکردنەوەی ف قیمة F | |
| جێگیر (ثابت) | 2.185 | 36.288 | 0.000 | 0.387 | 1 | 441.826 | |
| کاریگەریی فەیسبوک | 0.469 | 21.02 | 0.000 | | 700 | | (الدلالە) Sig. |

**$H_0$ : ئاستی فەیسبوک کاریگەریان نیە لە لەسەر لەسەر ئازادیی باوەڕ لای گەنجانی هەرێمی کوردستان**

**$H_1$ : ئاستی فەیسبوک کاریگەریان هەیە لە لەسەر لەسەر ئازادیی باوەڕ لای گەنجانی هەرێمی کوردستان**

## دەرەنجام:

توێژەران، لە کۆتایی توێژینەوەکە و دوای دەرکردنی ئەنجامەکان، بەم دەرەنجامانەی خوارەوە گەیشتن:

1. لە کۆی مشتەی توێژینەوە دەردەکەوێت؛ دوای باوەڕی زۆرینەی ئاینی (ئیسلام)، (بێ ئاین) بە دووەم باوەڕ دێت لە هەرێمی کوردستان، لە کاتێکدا لە ڕەشنوسی دەستوری هەرێم و یاسای پەرلەمان و وەزارەتی ئەوقافی هەرێمدا جێی بۆ نەکراوەتەوە و باس و پرسی مافەکانی نەهاتوە.
2. لە ڕوی مەعریفییەوە فەیسبوك لە پرسی ئازادیی باوەڕدا، بەراورد بە هەست و سۆز و ویژدان و ڕەفتارەوە، کاریگەریی زیاتری لەسەر گەنج هەیە.
3. زۆرینەی مشتەی توێژینەوەکە ڕایانوایە؛ لە فەیسبوکدا، وتار و پۆستی بانگخوازانی ئاینەکان کاریگەرییەکی خراپ (نەرێنی)یان لە بارەی ئازادیی باوەڕ و ئاینەوە هەیە.
4. زۆرینەی بەرتوێژان، هاوڕان لەسەر ئەوەی؛ فەیسبوك نەبوەتە شوێنێك تا لێیەوە لە مانای ئازادیی باوەڕ و ئاین تێگەیشتبن.
5. لە ئەنجامی وەڵامی بەرتوێژانەوە دەردەکەوێت؛ زۆرینەیان بە ئاشکرایی، باوەڕ یان ئاینەکەیان لە فەیسبوك دەرنەخستوە، ئەمەش بۆ دۆخی ئازادیی لە کۆمەڵی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، پەیوەست بە بەیانکردنی باوەڕەوە.

## ڕاسپاردە:

بەرمەبنای ئەو دەرەنجامانەی سەرەوەش، توێژەران چەند ڕاسپاردەیەک ئاراستەی لایەنە پەیوەندارەکان دەکەن، لەوانە:

1. لایەنە پەیوەندارەکان لە پەرلەمان، حکومەت، ناوەندەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی و ... تاد، کاری ورد و ڕژد بکەن بۆ پەرپاکردنی هەڵمەتی گەورە و فراوان و هەمەلایەنەی هۆشیاریی تاکەکان، هەم لە ڕوی پاراستنی ماف و ئازادییەکان، هەم ڕەچاوکردنی ئەو ماف و ئازادییانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەن.
2. توێژەران بەو دەرەنجامە گەیشتون، لە هەرێمی کوردستان ئاست و ڕێژەی باوەڕەکانی تر جگە لە ئیسلام بەرزبوەتەوە، پێویستە پێداچونەوە بۆ ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان بکرێت و ئەو بڕگە و مادانەی مافی باوەڕدارانی جیاواز لەبەرچاوناگرێت، یان پێشێلیان دەکات، هەمواربکرێنەوە.

## پێشنیازەکان:

دوای خستنەڕوی دەرەنجام و ڕاسپاردەکانیش، توێژەران پێشنیاز بۆ توێژەرانی ئایندە دەکەن:

1. توێژینەوەی دیکە لەسەر کاریگەریی فەیسبوک لەسەر ئازادیی باوەڕ لای گەنجانی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدەن، بەڵام پشتبەست بە ڕێبازی (ناخشیکاریی) بۆ پۆستەکانیان.
2. توێژینەوەی مەیدانیی لەسەر هەمان بابەت ئەنجام بدەن، بەڵام بە وەرگرتنی مشتەی دیکە، لە کۆمەڵی کوردیی لە هەرێمی کوردستاندا، یان سەکۆکانی تری میدیای نوێ.

## سەرچاوەکان:

الحراني, تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن تيمية، 1995. *مجموع الفتاوى.* عبد الرحمن بن محمد بن قاسم المحرر المملكة العربية السعودية: مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف، المدينة النبوية.[Online]
Available at: https://al-maktaba.org/book/7289
[Accessed 23 5 2022].

الربيعي, بيرق حسين جمعة، 2019، دور مواقع التواصل الاجتماعي في بناء خطاب الكراهية، *researchgate.*

Available at:
https://www.researchgate.net/publication/332130735_dwr_mwaq_altwasl_alajtmay_fy_bna_khtab_alkrahyt

الفقهاء, قيس امين، 2016، *دور شبكات التواصل الاجتماعى فى الترويج للفكر المتطرف من وجهة نظر طلبة الجامعات الأردنية*, الأردن : جامعة الشرق الاوسط. جامعة الشرق الاوسط، الأردن.

Available at: https://meu.edu.jo/libraryTheses/5863a0fbb3ac4_1.pdf

المنجد, شيخ محمد صالح .2013. *دار الإسلام*., [Online] .
Available at: https://d1.islamhouse.com/data/ku/ih_fatawa/single2/ku_manay_wshay_islam_cheya.pdf
[Accessed 23 5 2022].

باز، الإمام ابن. توضيح معنى الإسلام .*الموقع الرسمي لسماحة الشيخ الإمام ابن باز رحمه الله*[Online].
Available at: binbaz.org.sa/fatwas/11423/توضيح-معنى-الاسلام
[Accessed 23 5 2022].

بخاری .3017, *الحدیث* [Online] .
Available at: hdith.com/?s=من+بدل+دينه+فاقتلوه
[Accessed 2 5 2022].

بەگ، محەمەدئەمین زەکی.... *خولاسەیەکی تاریخی کورد وکوردستان) جلدی ١* [Online].
Available at: https://books.vejin.net/ck/text/28378
[Accessed 16 2 2022].

بەهەشت، تۆڕی زانستی .... *وەلامەکان* [Online] .
Available at: walamakan.com/2106-مرتد
[Accessed 14 5 2022].

جرار، ليلى احمد. 2012، *الفيسبوك و الشباب العربي*، دولة الكويت، دولة الإمارات العربية المتحدة، جمهورية مصر العربية و المملكة الأردنية الهاشمية: مكتبة الفلاح للنشر والتوزيع.

حکومەت ,ماڵپەڕی ڕەسمیی .2023. *ماڵپەڕی ڕەسمیی حکومەتی هەرێمی کوردستان*., [Online] .
Available at: gov.krd/dmi/activities/news-and-press-releases/2023/january/پێکەوەژیانی-ئاینی-لە-کوردستان-هەشت-پێکهاتەی-ئاین-و-ئاینزای-رەسمیی-و-زیاتر-لە-٦٠٠٠-پەرستگە/
[Accessed 3 2 2023].

حەمەصالح، صادق حمەغریب. 2015. *ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی* .سلێمانی :چاپخانەی کوردستان.

حەمەڕەشید, هەڵۆ ,.2022 .*هێرش کەریم* [Online] .
Available at: https://www.tiktok.com/@hersh_karim/video/7177041932512709893
[Accessed 6 23 2023].

خالد، دکتۆر حمید حنون، 2020، *مافەکانی مرۆڤ* .جەمیل محەمەد. هەولێر: چاپخانەی هەیف.

خاڵ، شێخ محەمەدی، 2005، *فەرهەنگی خاڵ* .هەولێر: دەزگای ئاراس.

خدر, ئاوارە حاجی ،2022، کاریگەری فلتەرکردن لە میدیای کۆمەڵایەتی فەیسبوك لەسەر بەکارهێنەرا لە هەریمی کوردستان *.گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین*.Volume 9, pp. 587 - 615.

رامان، 2015، *تەفسیری ڕامان لە ماناو مەبەستی قورئان* .ماموستا ئەحمەد کاکە مەحمود.

رزگار, محمد، 2021 [Online] *zaniary.*
Available at: zaniary.com/blog/605fc17cba3e1/ئازادی-بیروباوەڕ-و-ئاین
[Accessed 23 12 2021].

سوسەیی, اسماعیل، 2018، *ئیسلامی مەزن -یوتیوب* [Online] .
Available at: https://www.youtube.com/watch?v=yy2uiR3zUeQ
[Accessed 2 5 2022].

شفيق، كريم.، 2018. 10 معلومات عن الديانة اليارسانية التي يعتنقها بعض الأكراد. [متصل]

Available at: www.hafryat.com/ar/blog/10معلومات-عن-الديانة-اليارسانية-التي-يعتنقها-بعض-الأكراد

[Accessed 11 7 2022].

شێخانی, عەبدولوەهاب، 2009، *فەرهەنگی شێخانی* .هەولێر: دەزگای موکریانی.

bbcnews، عربى.، 2019. بالصور: من داخل العالم السري لديانة "أهل الحق" في إيران. [متصل] :Available at
https://www.bbc.com/arabic/art-and-culture-50406848
[Accessed 12 4 2022]

شێخانی, گۆران زیاد، 2020، *تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و هۆشیاری کۆمەڵایەتی گەنجان*، سلێمانی: چاپخانەی چوارچرا.

صاڵح, یاسین صابر، 2005، *ئینسایکلۆپیدیای گشتی* .سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.

عبدالله, هێمن محمد; محمد, لانە صابر، 2021، *بەگەڕخستنی ستراتیژییە کۆمۆنیکەیشنییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان*، زانکۆی سلێمانی: بە شی ڕاگە یاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایە تییە کان.

عبدالواحید .2020 ,*ئیسلامی مەزن -یوتیوب* [Online] .
Available at: https://www.youtube.com/watch?v=1e8pdP61GEQ
[Accessed 2 5 2022].

علی، نەریمان عبداللە، 2011، ئازادی ڕادەربڕین لە سەرەتاکانی ئیسلامەوە تا ساڵی 132ك 749ز. *تێزی دکتۆرا بۆ بەشی مێژووی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەددین.*

دەستوری عێراق ، 2005 [Online] *.Parezer*
Available at: https://parezar.org/blog/266
[Accessed 4 6 2022].

فایەق, ڤینۆس، 2012، *گوڵان* [Online] .
Available at: www.gulanmedia.com/so/story/200928/1621545592-1042-ئازادی-ڕادەربڕین-و-ئازادی-بیروباوەڕی
[Accessed 17 2 2022].

قادر، د.ئەسرین زرار، 2022، ڕەوشی ئازادیی باوەڕ لە کۆمەڵگای کوردیدا "توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە پارێزگای هەولێر ."*گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی.* pp. 299-384.

قەپلان، پاسەوان، 2017، *ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان* [Online] .
Available at: https://www.kurdistanc.com/Islamic/details.aspx?jimare=5116
[Accessed 29 12 2021].

کاکەشێخ، هەردەوان مەحمود، 2015، *میدیای نوێ و کاریگەرییەکانی*. سلێمانی: چاپخانەی کوردستان.

ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان، 2009، [Online] *kurdipedia.*
Available at: https://www.kurdipedia.org/files/books/2011/62157.PDF?ver=129817135140000000
[Accessed 4 6 2022].

کوردی، کاوە، 2021، *فەیسبوك* [Online] .
Available at: https://www.facebook.com/kawakurdy.islam/videos/241412291008578/?__tn__=%2CO-R
[Accessed 24 4 2022].

کەریم, کامەران، 2018، *ئیسلامی مەزن - یوتیوب* [Online] .
Available at: https://www.youtube.com/watch?v=LK0n0YE4XdA
[Accessed 2 5 2022].

گۆدەرزی, سیاوەش، 2012، *پێشوەچونە میدیاییەکان: ڕۆژنامە، کولتور، کتێب، و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان* .هەولێر :چاپخانەی ئاراس.

محمودی, علی رضا; ئەوانیتر، 2021، *شبکەهای اجتماعی :ابعاد و مفاهیم* .تهران: چاپی سێیەم، چاپخانەی عطا.

مودەڕڕس, مەلا عەبدولکەریمی، 2014، *شەریعەتی ئیسلام "بەپێی پەیڕەوی ئیمامی شافعی خوای لێ ڕازی بێ"* سنە: بەرگی یەکەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان.

موراد, هێرش ڕسوڵ; ئەوانیتر، 2019، ڕیپۆرتکردن "وەك ئامرازێك بۆ کپکردنی ڕای جیاواز لەبارەی دینی ئیسلامەوە ." *Journal of University of Raparin,* Volume 6, pp. 392-413.

موراد, هێرش ڕسوڵ; ئەوانیتر، 2020، ڕۆڵی فەیسبوك لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستاندا . *Journal of University of Garmian,* 7(1), pp. 75-96.

مەناف, مەسعود، 2009، [Online] .
Available at: https://masoudmanaf.wordpress.com/2009/06/04/1-2947/
[Accessed 22 12 2021].

هەورامی, فریاد، 2018، بیر و باوەڕەکان، سلێمانی: چاپخانەی هێڤی

هەژار ,، 1989، هەنبانە بۆرینە *"فرهنگ کردی-فارسی ."* تهران، صدا و سیمای جمهوری اسلامی ایران.

Allton, M., 2018. Thesocialmediahat. [Online]

Available at: https://www.thesocialmediahat.com/blog/social-media-active-users-by-network-infograph/
[Accessed 16 Feb 2022].

Amnesty, 2018. Amnesty International. [Online]

Available at: https://www.amnesty.org/en/what-we-do/universal-declaration-of-human-rights/
[Accessed 27 Aug 2023].

Assembly, U., 1948. Universal declaration of human rights. 302(2) ed. UN(., 1948. , 302(2), ): UN General Assembly.

Commission, H. R., 2017. Equality and human right Commission. [Online]

Available at: https://www.equalityhumanrights.com/en/what-european-convention-human-rights#:~:text=The%20European%20Convention%20on%20Human%20Rights%20(ECHR)%20protects%20the%20human,Human%20Rights%20and%20Fundamental%20Freedoms.'
[Accessed 22 7 2023].

Dean, B., 2023. Backlinko. [Online]

Available at: https://backlinko.com/facebook-users
[Accessed 2023 Aug 27].

Facebook, 2021. Facebook. [Online]

Available at: https://www.facebook.com/privacy/center/?entry_point=privacy_basics_redirect
[Accessed 22 8 2022].

Fick, M. & Dave, P., 2019. Reuters. [Online]

Available at: https://www.reuters.com/article/us-facebook-languages-insight-idUSKCN1RZ0DW
[Accessed 16 Feb 2022].

Heath, A., 2021. Theverge. [Online]

Available at: https://www.theverge.com/2021/10/19/22735612/facebook-change-company-name-metaverse
[Accessed 16 Feb 2022].

Hutchinson, A., 2021. Socialmediatoday. [Online]

Available at: https://www.socialmediatoday.com/news/meta-adds-new-interactive-elements-to-facebook-gaming-to-help-build-communi/611053/
[Accessed 12 6 2023].

Lavery, K., 2020. Uscirf. [Online]

Available at: https://www.uscirf.gov/sites/default/files/2021-12/2021%20Factsheet%20-%20Protecting%20Religious%20Freedom%20Online.pdf

[Accessed 25 7 2023].

Meta, 2019. Mark Zuckerberg Stands for Voice and Free Expression. [Online]

Available at: https://about.fb.com/news/2019/10/mark-zuckerberg-stands-for-voice-and-free-expression/
[Accessed 18 4 2023].

Meta, 2023. Messengerkids. [Online]

Available at: https://www.messengerkids.com/
[Accessed 27 8 2023].

Mohan, M., 2021. Minterest. [Online]

Available at: https://www.matrics360.com/facebook-products-and-services/
[Accessed 22 2 2022].

Nationalgeographic, 2014. Who Are the Yazidis, the Ancient, Persecuted Religious Minority Struggling to Survive in Iraq? [Online]

Available at: https://www.nationalgeographic.com/history/article/140809-iraq-yazidis-minority-isil-religion-history#:~:text=Yazidism%20is%20an%20ancient%20faith,originating%20in%20the%20Eastern%20Mediterranean.
[Accessed 11 6 2023].

Ohchr, 1966. United Nations Human Rights. [Online]

Available at: https://www.ohchr.org/en/professionalinterest/pages/ccpr.aspx
[Accessed 23 12 2021].

Resolution, G. A., 1966. United Nations Human Rights. [Online]

Available at: https://www.ohchr.org/en/professionalinterest/pages/ccpr.aspx
[Accessed 23 12 2021].

Right, h., 2021. Equality and human right Commission. [Online]

Available at: https://www.equalityhumanrights.com/en/human-rights-act/article-9-freedom-thought-belief-and-religion#:~:text=1.,2.
[Accessed 5 12 2023].

Rights, E. C. o. H., 2022. The European Convention "A living instrument". Council of Europe: ECHR.

Statista, 2023. Statista. [Online]
Available at: https://www.statista.com/statistics/264810/number-of-monthly-active-facebook-users-worldwide/
[Accessed 27 8 2023].

Team, T. M., 2019. Messengernews. [Online]

Available at: https://messengernews.fb.com/2019/12/19/capture-react-and-save-your-holiday-memories-in-messenger-stories/
[Accessed 22 8 2023].

UN, 1948. United Nations. [Online]

Available at: https://www.un.org/en/about-us/universal-declaration-of-human-rights#atop
[Accessed 22 12 2021].

Uscirf, 2023. United States Commission on International Religious Freedom. [Online]

Available at: https://www.uscirf.gov/
[Accessed 15 9 2023].

Wehner, G., 2022. FOXBusiness. [Online]

Available at: https://www.foxbusiness.com/technology/facebook-remove-religious-political-views-sexual-orientation-profiles
[Accessed 17 9 2023].

XVI, P. B., 2011. Vatican. [Online]

Available at: https://www.vatican.va/content/benedict-xvi/en/messages/peace/documents/hf_ben-xvi_mes_20101208_xliv-world-day-peace.html
[Accessed 17 2 2022].

Youngblood, J. E., 2021. 15 Top Social Media Sites & Platforms (A Handy 2021 Guide). [Online]

Available at: https://smartblogger.com/social-media-sites/
Accessed 15 May 2021].

---

[1] شارەزاكان پێكهاتون لە:
١. پ. د. هێمن مجيد حسن/ ڕاگەياندن/ ڕايگشتيى/ زانكۆی سلێمانی.
٢. پ. ی. د. بەهات حسيب على/ ڕاگەياندن/ تەلەڤزيۆن/ زانكۆی پۆليتەكنيكی هەولێر.
٣. پ. ی. د. ميديا ابراهيم فتاح/ كۆمەڵناسيی ئاين/ زانكۆی سۆران.
٤. پ. ی. د. ئازاد حەمە عبدالله/ فەلسەفە/ زانكۆی سلێمانی.
٥. پ. ی. د. كاروان على قادر/ ڕاگەياندن/ ميدياى نوێ/ زانكۆی پۆليتەكنيكی سلێمانی.
٦. پ. ی. د. شەهلا ولى جبار/ كۆمەڵناسيی ئايين/ زانكۆی سەڵاحەدين.
٧. پ. ی. د. ئەسرين زرار قادر/ كۆمەڵناسيی ئايين/ زانكۆی سەڵاحەدين.
٨. پ .ی . د. ئادەم عبدالجبار عبدالله/ ديراساتى ئيسلاميی/ زانكۆی سەڵاحەدين.
٩. پ. ی. م. هەردەوان محمود كاكەشێخ/ ئابوريی ڕاگەياندن/ زانكۆی سەڵاحەدين.
1 بۆ نيشاندانی گەورەيی يان بچوكيی بڕێك بە گوێرەی بەرامبەرەكەی.
1 بريتييە لە سەرجەمی بەهاكان، كە دابەشكرابێت بەسەر ژمارەی بەهاكاندا.
1 پێوەرێكە لە پێوەرەكانی پەرتبون و، بۆ بەراوردكردن و شيكاريی پێدراوەكان بەكاردێت.
1 زۆرترين بەهايە لە كۆمەڵێ داتادا، يان لە بۆشايی ئەگەريدا.

[1] دابەشکردنی گۆڕاوێکی پۆلێنییە لە نمونەیەکدا، زۆرجار پێویستی بە بەراوردکردن هەیە لەگەڵ دابەشکردنی گۆڕاوێکی پۆلێنی، لە نمونەیەکی تردا.

[2] بریتییە لە سەرجەمی بەهاکان، کە دابەشکرابێت بەسەر ژمارەی بەهاکاندا.

[3] Jewish Views on Religious Freedom | Reform Judaism